گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان
ISSN (Print):2218-0222
ISSN (Online): 2412-396X

Vol.28 Issue SpC 2024
ID No. 2407 (PP 287-309)
https://doi.org/10.21271/zjhs.28.SpC.17

توێژینەوە

# کاریگەری خزمەتگوزاریی لەسەر کەم کردنەوەی لێکەوتە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکانی نیشتەجێبوونی ستوونی؛ توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە شاری هەولێر

**مهتاب مصطفى عمر/** بەشی کۆمەڵناسی، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر،هەولێر،هەرێمی کوردستان،عێراق

**عبدالمجيد غفور ابراهيم/** بەشی کۆمەڵناسی، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر،هەولێر،هەرێمی کوردستان،عێراق

## پوختە

ئامانج لەم توێژینەوەیە زانینی ئاستی لێکەوتە کۆمەڵایەتی و دەروونیەکانی نیشتەجێبوون لە باڵەخانە ستوونییەکانە و زانینی کاریگەری خزمەتگوزارییەکان لە سەر کەم کردنەوەی ئەو لێکەوتە دەروونی و کۆمەڵایەتییانە. ئەم توێژینەوەیە بە ئاڕاستەی چەندایەتی ئەنجامدراوە، و بۆ شیکردنەوەی ئامانجەکان توێژەران سوودیان لە میتۆدی وەسفی بە ڕێگەی ڕووپێوی کۆمەڵایەتی بە نموونە وەرگرتووە. بۆ ئەم مەبەستەش توێژەران فۆرمێکی ڕاپرسییان ئامادە کردووە کە چوار ڕەهەندی (کۆمەڵایەتی، دەروونی، ئابووری و خزمەتگوزاری) لە خۆ گرتبوو کە بە گشتی بڕگەکانی پێوەرەکە بە هەر چوار ڕەهەندەکەی لە (٣٦) بڕگە پێکهاتبوو، کە تەواوی تایبەتمەندییە سایکۆسۆسیۆمەترییەکان بۆ پێوەرەکە ئەنجامدراوە. کۆمەڵگەی توێژینەوە لەو خێزانانە پێکدێ کە دانیشتووی کۆمەڵگاکانی نیشتەجێبووی ستوونین، کە لە سەنتەری شاری هەولێردا دەژین،و نموونەی توێژینەوەکە لە (٣٨٠) یەکە پێکهاتووە کە دانیشتووی یەکەکانی نیشتەجێبوونی ستوونین بە ڕێگای نموونەی هەڕەمەکی چینایەتی هەڵبژێردراون. گرینگترین ئەو ئەنجامانەی کە ئەم توێژینەوەیە پێ گەیشتووە بریتییە لەوە: بە شێوەیەکی گشتی لێکەوتە کۆمەڵایەتی، دەروونی و ئابوورییەکانی نیشتەجێبوونی ستوونی لای بەشدارانی نمونەی توێژینەوەکە لە ئاستی مامناوەند دایە. هەروەها ڕۆڵی گۆڕاوە دیمۆگرافییەکانی وەکو ڕەگەز لە سەر لێکەوتەکانی نیشتەجێبوونی ستوونی، جیاوازییەکی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان ڕەگەزی نیر و مێ دا نیە، بەڵام لە هەموو رەهەندەکاندا (کۆمەڵایەتی، دەروونی، ئابووری و خزمەتگوزاری) جیاوازي بەڵگەداری ئاماری لە نێوان گرووپە تەمەنییەکاندا هەیە و ئەم جیاوازییەش بۆ ئەو گروپە دەگەڕێتەوە کە تەمەنیان کەمترە بە بەراورد بەو گروپەی تەمەنیان لە سەرترە، بەتایبەتی گروپی تەمەنی (٣٠-٣٩) لە گەڵ هەموو گروپە تەمەنییەکانی دوای خۆیان جیاوازییان هەیە. هەروەها سەبارەت بە کاریگەری خزمەتگوزارییەکان لە سەر لێکەوتەکان (کۆمەڵایەتی، دەروونی و ئابووری)، دەرکەوت کە خزمەتگوزارییەکان کاریگەری هەیە و جۆری ئەم کاریگەرییە پێچەوانەیە، واتە هەرچی خزمەتگوزارییەکان زیاد بکات، لێکەوتەکان کەم دەکات.

CORRSPONDANCE
مهتاب مصطفى عمر
mehtab.omer@su.edu.krd

وەرگرتن 2024/07/14
پەسندکردن 2024/09/19
بڵاوکردنەوە 2024/12/15

**وشە سەرەکییەکان:**
خزمەتگوزاری،
نیشتەجێبوونی ستوونی،
لێکەوتەی کۆمەڵایەتی،
لێکەوتەی دەروونی،
لێکەوتەی ئابووری.

**About the Journal**
Zanco Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields. https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

**پێشەکی :**

بابەتی شوێنی مانەوە و نیشتەجێ بوون یەکێکە لە پێداویستییە سەرەکییەکانی مرۆڤ هەر لە سەرتای بوون تا ئێستا، بەڵام گرینگی و شێوازی شوێنی نیشتەجێبوون بە پێ قۆناغە جیاوازەکانی مێژوو گۆرانکاری بەسەردا هاتووە و تەنانەت لە ڕووی بینا و شێوازی بیناسازییەوە لە کۆمەڵگایەک بۆ کۆمەڵگایەکی دیکە جیاوازە. زۆر جار ناوچەیەک یا کۆمەڵگایەک بە شێوازی بینا و تەلارسازی تایبەت بە خۆیان دەناسرێنەوە و دەبێتە مۆڵکێکی کولتووری بۆیان. ئەگەرچی گرینگی و پێویستی شوێنی نیشتەجێ بوون لە ڕابردوو دا جیاوازییەکی بەرچاوی بە بەراورد بە ئیستا بە خۆیەوە بینیوە، بەڵام بە بەردەوامی یەکێک لە بابەتە سەرەکییەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی بووە. بەتایبەتی دوای پەرەسەندنی پیشەسازی و فراوانبوونی شارەکان و بڵاوبوونەوەی زیاتری شارنشینی و دواتریش سەرهەڵدانی کێشەکانی تایبەت بە نیشتەجێبوون بەرە بەرە ئەم بابەتە سەرنجی زیاتری کۆمەڵناسانی بۆ خۆی ڕاکێشاوە و تەنانەت بووەتە هۆی ئەوەی کە لقێک دروست بێت بە ناوی کۆمەڵناسی شارنشینی. هەروەها لە سەردەمی ئێستا بە هۆی هەرچی زیاتربوونی ژمارەی دانیشتوان و کێشەکانی پەیوەست بە شوێنی نیشتەجێ بوون و یەک لەوان کەمی شوێن و زەوی بۆ نیشتەجێ بوون، هۆکار بووە بۆ دروست بوونی بینا و باڵەخانە بەرزەکان کە بە خانووبەرەی ستوونی دەناسرێن.

خانووبەرەی ستوونی کە زۆرجار بە بینای نیشتەجێبوونی بەرز ناودەبرێت، بووەتە فۆرمێکی باوی نیشتەجێبوونی شارەکان لە زۆرێک لە شارەکانی جیهاندا. ئەم فۆرمە تەلارسازییە بە بەرزبوونەوەی خانووەکان تایبەتمەندە، ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتووان لەناو شوێنپێیەکی تاڕادەیەک بچووکی زەویدا نیشتەجێن. ئەم جۆرە پێشهاتانە لە ناوچە شارییە چڕەکاندا باون کە بە هۆی کەمی زەوی و بەهای بەرزی موڵک و ماڵ پێویستی بە فراوانکردنی ستوونی هەیە. بینا بەرزەکان سوودی جۆراوجۆر پێشکەش دەکەن، لەوانە بەکارهێنانی کارامەیی زەوی، توانای نیشتەجێکردنی زۆرێک لە دانیشتووان و زۆرجار، دیمەنی سەرنجڕاکێش. بەڵام کاریگەرییەکانی ئەم فۆرمە نیشتەجێبوونە لەسەر خۆشگوزەرانی دەروونی و کۆمەڵایەتی دانیشتووان، زیاتر سەرنجی پلاندانەرانی شار، تەلارساز، کۆمەڵناس و پسپۆڕانی تەندروستی دەروونی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە.

**1-ڕەگەزە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە.**

**1-1- کێشەی توێژینەوەکە:**

سەرەڕای سوودە کردارییەکانی خانووبەرەی ستوونی، بەتایبەتی لە پلانی شارنیشی و چارەسەرکردنی کێشەکانی نیشتەجێبوون، بەڵام لە ئێستادا کاریگەرییە نەرێنییە ئەگەرییەکانی لەسەر تەندروستی دەروونی و ژیانی کۆمەڵایەتی دانیشتووان بووەتە جێ ی گرنگیپێدانی پسپۆڕان و توێژەرانی کۆمەڵناسی و دەروونناسی. دەرئەنجامە دەروونییەکانی دەتوانن بریتی بن لە هەستکردن بە گۆشەگیری، بەرزبوونەوەی دڵەڕاوکێ، فشار و خەمۆکی. لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە، دانیشتوانی بینا بەرزەکان زۆرجار تووشی کەمبوونەوەی دەرفەتەکان دەبن بۆ کارلێکی کۆمەڵایەتی و یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی، ئەمەش دەبێتە هۆی هەستکردن بە تەنیایی و پچڕانی پەیوەندی. دیزاینی ئەم بینایانە کە زۆرجار فەزای کۆمەڵایەتی سنووردار و دەرفەتی سنووردار بۆ کارلێکی کۆمەڵایەتی خۆبەخۆیان هەیە، ئەم پرسانە خراپتر دەکات.تێگەیشتن لەم دەرئەنجامانە زۆر گرنگە، بەتایبەتی کە شارنشینی بەردەوامە لە پەرەپێدانی ژیانی بەرزاییەکان. لەگەڵ نیشتەجێبوونی خەڵکێکی زیاتر لەم ژینگانەدا، چارەسەرکردنی ئاستەنگە دەروونی و کۆمەڵایەتیە پەیوەندیدارەکان دەبێتە شتێکی پێویست.بەتایبەتی لە ئێستادا کە شاری هەولێر ڕوو لە فراوانبوونە و تا دێت پرۆژەکانی نێشتەجێبوون و دروست کردنی باڵەخانە بەرزەکان زیاتر دەبن، و خاوەن پرۆژەکانی نیشتەجێبوون هەوڵ دەدەن خزمەتگوزاری جۆراوجۆر دابین بکەین بەمەبەستی ڕاکێشانی خەڵکی زیاتر بۆ ژیان کردن لەو جۆرە باڵەخانە بەرزانە. هەربۆیە توێژەران بە هەست کردن بە گرینگی ئەم بابەتە بۆ ژیانی ئیستای دانیشتوانی شار ئەم بابەتەیان کردۆتە پرسی سەرەکی توێژینەوەکە و بە دوای وڵامی ئەو پرسیارەن کە ئایا خزمەتگوزارییە پێشکەشکراوەکان لە لایەن خاوەن موڵک و پرۆژەکانی نیشتەجێبوون کاریگەری لە سەر کەمکردنەوەی لێکەوتە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکان هەیە؟

**2-1- گرنگی توێژینەوەکە:**

أ. گرنگی لە لایەنی تیۆری: گرنگی ئەم توێژینەوەیە لە لایەنی تیۆرییەوە بریتییە لە خستنەڕووی ڕوانگە تیۆرییەکان و زیادکردنی سەرچاوە لەم بوارە بە زمانی کوردی.

ب. گرنگی لە لایەنی پراکتیکی: هەروەها لە لایەنی پراکتیکی گرنگە بۆ لایەنەکانی پەیوەندیدار بە پلاندانان و داڕێژەرانی سیاسەتی شارەکان، لەبەر ئەوەی ئەنجامەکان دەتوانن ئەو لایەنانە ئاگادار بکەنەوە کە ئامانجیان بەرزکردنەوەی ئاستی شێوازی ژیانە لە پرۆژە بەرزەکانی نیشتەجێبوون.

لە بواری تەندروستی دەروونی: بە دەستنیشانکردنی خزمەتگوزارییە کاریگەرەکانی تەندروستی دەروونی، توێژینەوەکە دەتوانێت بەشداری بکات لە باشترکردنی دەرئەنجامەکانی تەندروستی دەروونی بۆ دانیشتووان.

لە بواری کۆمەڵایەتی: توێژینەوەکە دەتوانێت چارەسەر پێشکەش بکات بۆ باشترکردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی بەهێزتر و تۆڕەکانی پشتگیری کۆمەڵایەتی لەناو بینا بەرزەکاندا.

**3-1. ئامانجەکانی توێژینەوەکە:**

١. پێوانەکردنی ئاستی ڕەهەندەکانی توێژینەوەکە وەک ڕەهەندی (کۆمەڵایەتی، دەروونی و ئابووری) لای بەشدارانی نمونەی توێژینەوەکە

٢. دەستنیشان کردنی ڕۆڵی گۆڕاوە دیمۆگرافییەکان لەسەر ئاستی گۆڕاوە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە لای بەشدارانی نمونەی توێژینەوەکە

٣. دیاریکردنی ئاستی پەیوەستی نێوان لێکەوتە کۆمەڵایەتی، دەروونی و ئابوورییەکانی نیشتەجێبوونی ستوونی

٤. کاریگەری خزمەتگوزارییەکان لەسەر لێکەوتە کۆمەڵایەتی و دەروونی و ئابوورییەکان.

## 2: چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکە:

### 1-2. ناساندنی چەمکە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە:

**یەکەم: یەکەی نیشتەجێبوونی ستونی:**

ئەو جۆرە شێوازەیە کە لەسەر شێوەی باڵەخانەیەکی نیشتەجێبوون درووستکراوە و ژمارەیەك باڵەخانە لەخۆ دەگرێ و کۆمەڵێك خێزانی تێدا دەژی، هەڵبەت لە چوارچێوەی یەکەیەکی نیشتەجێبوونی فراواندا.(محمود،2012: 158)

گیفۆرد بەم جۆرە پێناسەی یەکەی نیشتەجێبوونی ستوونی کرد بەوەی کە: ئاماژەیە بۆ ئەو بینا نیشتەجێبوونانەی کە بە شێوەیەکی بەرچاو بەرزترن لە پانیان، بە شێوەیەکی گشتی لە چەندین نهۆم پێکدێت (زۆرجار 10 نهۆم یان زیاتر) کە دیزاین کراون بۆ ئەوەی ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتووان لە ناوچەیەکی زەوی سنووردارردا لەخۆبگرن. هەروەها تایبەتمەندە بە چڕی زۆری دانیشتوان و سنووردارბوونی فەزای کۆمەڵایەتی هاوبەش لە نێو دانیشتوان(Gifford,2011: 4).

لە میانی ئەوەی کە خرایەڕوو و هەروەها بە پێی ئامانجی توێژینەوەکە، پێناسەی ڕێککاری بۆ یەکەی نیشتەجێبوونی ستوونی بریتیە لە شێوازی نیشتەجێبوونی بە کۆمەڵ، کە کۆمەڵێك ماڵ لە خۆ دەگرێت و دەبێتە سەنتەری سەرەتایی ژیانی بەکۆمەڵ، واتە بریتییە لە کۆبوونەوەیەکی چڕ تیایدا باڵەخانەکان بە یەکەوە لێکنراون. لەم توێژینەوەیەدا مەبەست لە یەکەی نیشتەجێبوونی ستوونی هەموو ئەو پرۆژانەی نیشتەجێبوون دەگرێتەوە کە خێزانین و لەشاری هەولێر بنیاد نراون.

**دووەم: لێکەوتە دەروونییەکان:**

لێکەوتە دەروونییەکان ئاماژەن بۆ ئەو دەرئەنجامانەی تەندروستی دەروونی یەکەی نیشتەجێبوونی ستوونی کە لە ئەنجامی ژیان لە ژینگەیەکی دیاریکراودا دروست دەبن. کە لەم توێژینەوەیە مەبەست لە چوارچێوەی نیشتەجێبوونی ستوونیدایە. ئەم دەرئەنجامانە کاریگەرییە نەرێنییە جۆراوجۆرەکانی تەندروستی دەروونی لەخۆدەگرن کە دانیشتووان ئەزموونی دەکەن. وەک: گۆشەگیری (هەستکردن بە تەنیایی بەهۆی سنووردارბوونی کارلێکە کۆمەڵایەتییەکان، دڵەڕاوکێ و فشار (زیادبوونی ئاستی دڵەڕاوکێ و فشار لەوانەیە بەهۆی قەرەباڵغی بارودۆخی ژیان و نەبوونی تایبەتمەندی بێت و هەروەها خەمۆکی وەک دڵتەنگی بەردەوام و نەبوونی حەز یان چێژ لە چالاکییەکان( Evans and others,2003: 480).

**سێیەم: لێکەوتە کۆمەڵایەتییەکان:**

لێکەوتە کۆمەڵایەتییەکان پەیوەندییان بەو کاریگەرییانەوە هەیە لەسەر کارلێکە کۆمەڵایەتییەکان و ژیانی کۆمەڵایەتی کە لە ئەنجامی نیشتەجێبوون لە بینا بەرزەکاندا دروست دەبن. ئەم دەرئەنجامانە کاریگەرییان لەسەر چۆنیەتی کارلێکی دانیشتووان لەگەڵ یەکتر و پێکهێنانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی هەیە وەک: کەمبوونەوەی کارلێکی کۆمەڵایەتی بە هۆی دەرفەتی سنووردار بۆ بەریەککەوتنی کۆمەڵایەتی، پەیوەندییە کۆمەڵایەتیە لاوازەکان بە هۆی سەختی لە پێکهێنانی تۆڕی کۆمەڵایەتی بەهێز و پشتیوان، هەروەها هەستی نامۆبوون لە ئەنجامی هەستکردن بە پچڕانی پەیوەندی لەگەڵ دراوسێ و کۆمەڵگەی فراوانتر( Andrew and Glenn, 1980: 475).

### 2-2. توێژینەوەکانی پێشوو

**یەکەم: توێژینەوەی ئالان فریدون علی امین (2013)** بەناونیشانی (هەڵسەنگاندنی کارلێکی کۆمەڵایەتی لە پانتاییە کراوەکانی کۆمەڵگای نیشتەجێبوونی مۆدێرن لە شاری سلێمانی). ئامانجی توێژینەوەکە بریتییە لە ڕوونکردنەوە و خستنە ڕووی گرنگی پانتاییە کراوەکان و کاریگەرییان بە کارلێکی کۆمەڵایەتی لە ژینگەی نیشتەجێبووندا هەروەها هەڵسەنگاندنی پانتاییەکراوەکان لە کۆمەڵگا نوێیەکانی نیشەجێبوون و ڕادەی کاریگەرییان بە کارلێکی کۆمەڵایەتییەوە ، توێژەر میتۆدی وەسفی شیکاری بەکارهێناوە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی توێژینەوەکەی ، هەروەها کۆمەڵگای توێژینەوەکەی بریتی بووە لە چوار پرۆژەی نیشتەجێبوونی ستوونی و سێ پرۆژەی تێکەڵاو ، کە بریتی بوون لە پرۆژەکانی ( گۆیژەستی –ستوونی ، کوردستی1-ستوونی ، گاردن ستی-ستوونی ، کوردستی2-ستوونی-تێکەڵاو) کە لەڕێگەی نموونەی هەڕەمەکی و دابەشکردنی فۆڕمی ڕاپرسی (700) نموونەی وەرگرتووە (454) لە ڕەگەزی نێر و (246) لە ڕەگەزی مێ ، وە لە هەر پرۆژەیەك (100) نموونەی وەرگرتووە. زۆرترین ڕێژەی تەمەن لە نێوان (25-35) ساڵیدا دابوون (69%)ی لێتوێژەران خاوەنی بڕوانامەی بەکالۆریۆس بوون ، سەبارەت بە ژمارەی ئەو ساڵانەی کە لەمپرۆژانە نیشەجێبووینە ئەوا زۆربەیان بۆ ماوەی (2 بۆ 3 ) ساڵە لەوێ نیشەجێن .

لە کۆتاییدا توێژینەوەکە بەم ئەنجامانە گەیشت کە کارلێکی کۆمەڵایەتی پرۆژە هەڵبژێردراوەکان لە پرۆژەیەکەوە بۆ پرۆژەیەکی تر دەگۆڕێ وەك لە شیکاری داتاکاندا دەردەکەوێت ، وەك دیارە کە لە یەکەکانی (B1 ـ گۆیژەستی) ڕێژەی کارلێکی کۆمەڵایەتی ناوەندە بە ڕێژەی (61%) هەروەها (19%) لە کارلێکی کۆمەڵایەتی باشدان . هەروەها لە پرۆژەی (کوردستی1 باڵەخانەی B2 دیارە کە پەیوەندی کۆمەڵایەتی لە ئاستێکی بەرزی لاوازی دایە بەڕێژەی (57%) ، هەروەها مامناوەندە بەڕێژەی (37%) ، بە هەمان شێوە لە (کوردسی2 باڵەخانەی B3 پەیوەندی کۆمەڵایەتی لاوازە بەڕێژەی (64%) ، هەروەها لە (دیەستی ـ B4 ) کارلێکی کۆمەڵایەتی لاوازە بەڕێژەی (61%) ، لە پرۆژەی (گاردن ستی ـ B5 ) یشدا بە دیارکەوتووە کە پەیوەندی کۆمەڵایەتی لە نێوان تاکەکاندا لە ئاستی مامناوەند دایە بە ڕێژەی (59%) ، هەروەها لە (گوندی ئەڵمانی1) پەیوەندییەکان لە ئاستی مامناوەنددان بەڕێژەی ( 63%) ، هەروەها بە ڕێژەی ( 21% ) پەیوەندییەکان لە ئاستێکی لاوازدان ، بەڵام لە (گوندی ئەڵمانی2) پەیوەندییەکان لە ئاستێکی لاوازدان بەڕێژەی ( 55% ) هەروەها مامناوەندن بەڕێژەی ( 39% ) ، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە پەیوەندییەکان لە ئاستێکی لاوازدان لە پانتاییەکراوەکانی ئەم پرۆژە نوێیانە. (امین، 2013)

دووەم: توێژینەوەی شەهلا وەلی جبار (٢٠١٤) بە ناونیشانی ( **کێشە کۆمەڵایەتییەکانی نیشتەجێبوونی ستوونی ـ توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە کۆمەڵگای هاناستی لە شاری هەولێر**). ئامانجی توێژینەوەکە بریتییە لە تیشك خستنە سەر هەندێك لە کێشە کۆمەڵایەتییەکانی یەکەی نیشتەجیبوونی ستوونی لە شاری هەولێر ، دەرخستنی هەندێك لە لایەنە نێگەتیڤ و پۆزەتیڤەکانی شوێنی نیشەجێبوونی ستوونی لە شاری هەولێر و خستنەڕووی شێوازەکانی شوێنی نیشتەجێبوون لە شاری هەولێر. توێژەر میتۆدی ڕووپێوی کۆمەڵایەتی بە نموونەی بەکارهێناوە بەڵام سەبارەت بە جۆرو قەبارەی نموونەکە ئەوا لەم توێژینەوەیەدا نموونەی هەڕەمەکی هێشویی بەکارهاتووە . قەبارەی نموونەی توێژینەوەکەی بریتییە لە (274) خێزان .

ئەنجامی توێژینەوەکە ئەوە دەردەخات کە تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە تەمەنیان لە نێوان (27-37 ) ساڵیدایە ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە خێزانەکان بە شێوەیەکی ڕێژەیی لە خێزانی بچووك پێکهاتوون، بەهۆی نزمی ئاستی خوێندەوارییان ڕەنگدانەوەی هەبووە لەسەرچەندێتی هەستکردن بە کێشەکانیان و نەبوونی پێداویستییەکان لە کۆمەڵگای هاناستی ، زۆربەی خێزانەکان پێیانوایە کە لە ڕووی خزمەتگوزارییەوە کەموکوڕییان هەیە و ئەگەرناچارنەبن لێرە نیشتەجێنابن ، بەهۆی نزیکی ئاستی ئابووری و کۆمەڵایەتییان پەیوەندی دراوسێتییان لەگەڵ یەکتری باشە ، زۆربەی خێزانەکان بە دەستی قەرەباڵغی و دەنگە دەنگ هەراسانبوون ، هەروەهانەبوونی (ئاسانسوار ) بەرزکەرەوەی کارەبایی و کەمی ئاو بە تایبەت لە یەکەکانی سەرەوە کێشەی بۆدروستکردوون ( وەلی، 2014 )

سێیەم: توێژینەوەی عبد الرزاق صالح محمود (2012) بەناونیشانی (**واقعی نیشتەجێبوونی ستوونی لە شاری موسڵ**)

توێژینەوەکە باس لە بارودۆخی نیشتەجێبووانی باڵەخانە ستونییەکان دەکات لە شاری موسل ، ئامانجی توێژینەوەکە بریتییە لە دەست نیشانکردنی سروشتی ئەو بارودۆخە کۆمەڵایەتییەی لە میانەی خستنەڕووی لایەنە ئەرێنی و نەرێنییەکانی ئەو یەکانە بەپێی تێڕوانینی لێتوێژەران کە لەم یەکانەی نیشتەجێبوونی ستوونیدا دەژین ، توێژەر میتۆدی ڕووپێوی کۆمەڵایەتی بەکارهێناوە ، نموونەی توێژینەوەکەی بریتی بووە لە ( 80 ) لێتوێژەر ، فۆڕمی ڕاپرسی ئامرازی سەرەکی توێژەر بووە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری ، هەروەها توێژەر ناوەندی ژمێری و لادانی پێوەری بەکارهێناوە لە توێژینەوەکەیدا .

توێژینەوەکە بە چەند ئەنجامێك گەیشت وەك نیشتیەجێبوونی ستوونی لەلایەنی ئەرێنییەوە چارەسەرێکی باشە بۆ کێشەی کرێچێتی لە زۆربەی خێزانەکان لە کۆمەڵگەدا کە بە دەستییەوە دەناڵێنن ، بەڵام گرفت دروست دەکات لەلایەنی کۆمەڵایەتی و ئاینییەوە

ئەگەر جۆرێك لە تایبەتمەندی تیایدا بە دەست نەیەت بۆ تاك و خێزان لەگەڵ خێزانەکانی دیکە کە لە هەمان کۆمەڵگای نیشتەجێییدا بە یەکەوە دەژین . ( محمود ،2012)

چوارەم: توێژینەوەی عماد عبيد حمد الجنابي (2016) بە ناونیشانی (**گرفتە کۆمەڵایەتییەکانی نیشتەجێبوونی ستوونی؛ توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە شاری بابل**). ئامانجی توێژینەوەکە بریتییە لە خستنەڕووی گرفتە کۆمەڵایەتییەکانی نیشتەجێبوونی ستوونی لە کۆموڵگای ئەسکەندەریەی پارێزگای بابل، کە بریتین لە دەستنیشانکردنی هۆکارەکانی پەنابردن بۆ ئەو جۆرە فراوانبوونە ئاوەدانیی و تەلارسازییە. هەروەها هەوڵدان بۆ پێدانی وێنەیەکی روون سەبارەت بە سروشتی نیشتەجێبونی ستونیی و ئەو ئەرك و خزمەتگوزاریەی کە تێیدایە. لەگەڵ ڕوونکردنەوەی لایەنە باش و لایەنە خراپەکانی نیشتەجێبوونی ستونی لە ڕوانگەی نیشتەجێبووانی ئەو جۆرە باڵاخانانەی نیشتەجێبوون و ئاشنابوون بە سروشتی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی ناو ئەو کۆمەڵگایە. توێژەر نموونەیەکی قەبارە (200) کەسی هەڵبژاردووە کە بریتین لە (200) خێزان لە یەکەی نیشتەجێبوونی ستونیدا دەژین و نوێنەرایەتی توێژینەوەن، ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی وەسفی شیکارییە، و پشت بە میتۆدی ڕووپێوی کۆمەڵایەتیی دەبەستێ و فۆرمی ڕاپرسی کەرەستەی سەرەکی پرۆسەی کۆکردنەوەی داتایە، ئەوە پاش تێپەڕینی بە چەندان قۆناغدا لە پێناو بەدیهێنانی جێگری و ڕاستگۆیی، سەرەڕای چاوپێکەوتن و تێبینی سادە، هەروەها داتای ناو فۆرمەکان لە ڕێگەی پرۆگرامی )ەوە بەتاڵکراونەتەوە و لە ڕووی ئامارییەوە شیکراونەتەوە. SPSS).

ئەو ئەنجامانەی کە توێژینەوەکە پێیگەیشت بریتی بوون لەوەی کە لە توێژینەوەکەدا بەشداری ڕەگەزی مێ زیاتربوو لە ڕەگەزی نێر بەڕێژەی (53%) ، لێتوێژەران تەمەنیان لە نێوان (41-50) ساڵی دابوو ، (50%)یان لە ڕووی پیشەوە فەرمانبەربوون ، (82%) لە دانیشتووانی ئەو کۆمەڵگایە خاوەنی یەکەکەن ، (69%)ی نموونەی توێژینەوەکە ڕازی نین لە ڕووبەری یەکەکانیان ، (83%)ی لێتوێژەران پێیان وابوو ئەگەر بۆیان بڕەخسێ ئەو شوێنە جێدەهێڵن و دەچن بۆ شوێنێکی تر بەهۆی زۆری ژمارەی ئەندامانی خێزان ، (82%)ی لێتوێژەران پێیان وایە کە هەست بە ئارامی دەکەن لەلایەنی ئەمن و ئاسایشەوە ، (81%)یان پێیان وایە کە شوێنیان نییە بۆ کەلوپەلی زیادە ، (69%) یان پێیان وایە کە هەس بە سەربەخۆیی ناکەن بەهۆی لە یەکتر نزیکی دەرگاو پەنجەرەکان ، (72%)یان بێزارن لە ژاوەژاوی یەکەکانی سەرەوە ، (58%)یان دەناڵێنن بە دەس نەگەیشتنی ئاو بۆ یەکەکانیان بەهۆی بەرزی یەکەکانیان ، هەروەها زۆربەیان پێیان وایە کە ڕێژەی سەوزاییان کەمە ، هەروەها کێشەیان هەیە لە وەستانی ئۆتۆمبێلەکانیان . لەلایەنی کۆمەڵایەتیشەوە (77%)یان پێیان وایە کە پەیوەندی کۆمەڵایەتییان باشە ، (40%)یان لەگەڵ یەکەکانی دراوسێیان پەیوەندییەکی ڕووکەشیان هەیە ، زۆربەی خێزانەکان هەست بە سەربەخۆیی ناکەن ، هەروەها کێشەیان هەبووە لەلایەنی کارەبا و پیسی ئاو و ، بچووکی شوێنی یاری منداڵان . ( الجنابي ، 2016 ).

تاوتوێکردنی توێژینەوەکانی پێشوو: (ئالان فەرەیدون، ٢٠١٣) بە ئاڕاستەی چەندایەتی و میتۆدی وەسفی شیکاری ئەنجام دراوە و کۆمەلگای توێژینەوەکەی دانیشتوانی پرۆژەکانی نیشتەجێبوون و پرۆژەکانی تێکەڵاو. کە جیاوازییەکەی لە گەڵ ئەم توێژینەوەیە ئەوە کە توێژینەوەکەی ئێمە تەنها دانیشتوانی یەکەکانی نیشتەجێبوونی ستوونی وەرگیراوە، بەمەبەستی زانینی ئاستی کارلێکی کۆمەڵایەتی نێوان دانیشتوانەکەی واتە تەنها گرنگی بە یەک ڕەهەند داوە.

توێژینەوەکەی (شەهلا وەلی جبار، ٢٠١٤) کە ئەمەش بە ئاڕاستەی چەندایەتی ئەنجام دراوە و ئامانجەکەی تا ڕادەیەک پەیوەندی بە ئامانجەکانی ئەم توێژینەوە هەیە، لەبەر ئەوەی ئامانجی زانینی کێشە کۆمەڵایەتییەکانی دانیشتوانی ئەو یەکانەیە. بەڵام تەنها یەک کۆمەڵگای یەکەکانی نیشتەجێبوونی ستوونی وەرگرتووە، واتە کۆمەڵگاکەی بچووکتر و نمونەکەشی هەڕەمەکی هێشوویە.

توێژینەوەکەی (عبدالرزاق صالح محمود، ٢٠١٢) ئامانجی ئەم توێژینەوەیە تا ڕادەیەک لە ئامانجەکانی توێژینەوەکەی ئێمە نزیکە، لەبەر ئەوەی توێژەران هەوڵی زانینی بارودۆخی ژیان لە باڵەخانە ستوونییەکان دەدەن، بە هەمان شێوەی توێژینەوەکانی پێشوو بە ئاڕاستەی چەندایەتی و میتۆدی ڕووپێوی کۆمەڵایەتی ئەنجام دراوە، بەڵام ژمارە نمونەکەی بچووکترە.

توێژینەوەکەی (عماد عبيد، ٢٠١٦) کە هاوشێوەی توێژینەوەکانی دیکە بە ئاڕاستەی چەندایەتی ئەنجام دراوە، پەیوەندی بە یەکێک لە ڕەهەندەکانی توێژینەوەکەی ئێمە هەیە، واتە زانینی گرفتە کۆمەڵایەتییەکان. لە میانی ئەو ئەنجامانەی لەو توێژینەوانە خراوەتەڕوو، دەمانەوێت بزانین ئایا تا چەند ئەنجامەکانیان پاڵپشتی ئەنجامەکانی توێژینەوەکەی ئێمەیە.

### 3.2. خستنەڕووی ڕوانگە تیۆرییەکان:

**جۆرج زمیل ( Georg Simmel, 1858-1918):**

جۆرج زمیڵ لە ووتارەكەیدا بە ناوی (میترۆپۆڵ و ژیانی هزری ) كە لە ساڵی (1903) بڵاوی كردۆتەوە بە دوای ئەوەدا دەگەڕا كە ئایا ژیانی شار چ كاریگەرییەكی هەیە لەسەر هزر و ڕەفتاری خەڵك، كە دوو بیرۆكەی سەرەكی لە خۆ گرتبوو یەكەمیان بریتیبوو لە تایبەتمەندییەكانی شار و كاریگەرییان لەسەر هزر و ڕەفتاری خەڵك، دووەمیان پەیوەستبوو بە وەڵامگۆی دانیشتوانەكەی و هەڵوێستی خۆپارێزانەیان(Simmel,1903:409) .

ئەو پێیوایە ژیانی شار بریتییە لە چڕبونەوەی دەروونیی و دەماری، واتە وروژێنە دەرەكییەكانی وەك دەنگ و وێنە و باوەڕ و ڕووداوەكانی و شتەكانی دیكە، لە گۆڕانكاریەكی خێرا و بەردەوامدان، بۆیە دانیشتووانی شار لە بەرامبەر ئەو هەموو وروژێنەرانەدا ناچار دەبن خۆیان كۆنترۆڵ بكەن، هەروەها خۆیان لەگەڵ دۆخی شاردا بگونجێنن و لە بەرامبەر ئەو كێشانەدا ڕابێن و بایەخ بە زۆر شت نەدەن ، هەروەها ئەو پێیوایە دۆخێكی دەروونی تایبەت بەسەر شاردا زاڵە ، بۆ نموونە وێنەكانی شار زوو زوو دەگۆڕدرێن و پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكانیش تا سەر نین ، دانیشتوانی شار دەبێ زۆر هاوسۆزیان نەبێ بەرامبەر ئەو شتانەی لە دەوروبەریان ڕوودەدات. هەروەها تاكەكان هەوڵدەدەن لە بەرامبەر ئەو كاریگەرییە دەروونیی و دەماریانە بەرگری لە خۆیان بكەن و لە پەیوەندییەكی هۆشەكیی وەزیفیی ناسۆزەكیی و سەربەخۆ لەوانی دیكە، بژین، بە تێپەڕینی كات، مرۆڤ لە ژیانی شارەوە فێر دەبێ، عەقڵانیتر و واقیعیتر بێ و دوور بێ لە هەست و سۆز، بەوەدا كە ژیان لە شارەكاندا، بریتییە لە فەزای بازاڕ و ئاڵوگۆڕی بازرگانی، ئەوە پەیوەندییە مرۆییەكانیش دەبنە پەیوەندی گەلی ڕووكەش و گوێنەدان بەوانی دیكە، هەروەها لە شاردا مرۆڤ سەربەخۆ و تاكگەر و بەعەقڵانیبووە(سید احمد،2006 : 25).

لە ڕوانگەی ئەم تیۆریەوە، مرۆڤی هاوچەرخ لە شاردا هەوڵدەدا پارێزگاری لە خۆی بكا و لەگەڵ ئەو بیروباوەڕانەدا بژی كە لە ژیانی شارنشینیدا ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، چونكە ژیانی شار لە دۆخێكی دەروونی و دەماری پڕ و چڕدایە، بۆیە مرۆڤ لە نێو ئەو بڕە زۆرەی پاڵنەری دەروونی و دەمارییەدا، فێر دەبێ، بە ووردی شتە گرنگەكان و شتە ناگرنگەكان لێك جیا بكاتەوە، هەروەها دەتوانێ بە شێوەیەكی عەقڵانی پلان بۆ كات دابنێ و ڕێكی بخات، واتە ژیانی شار پاڵ بە تاكەكانەوە دەنێ بۆ پاراستنی خۆیان لە ژینگەیەكی ئاڵۆزدا كە هەمیشە لە گۆڕاندایە، جا بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەو ژیانەدا بسازێ، پەرە بە ئاراستەی گۆشەگیری و گوێنەدان و خۆپاراستنی لە دروستكردنی پەیوەندی كۆمەڵایەتیی دەدات، هەروەها پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكان دەگۆڕێن بۆ پەیوەندی لاوەكیی و دورەپەرێزانە.(برقل،2014: 667) هەڵوێستی گۆشەگیری و خۆپارێزی لە پەیوەندیی كۆمەڵایەتیی بەهۆی دروستكردنی ئۆرگانێكی خۆپارێزییە وەك هەوڵێك بۆ كەمكردنەوەی ئەو كارلێكە ئەگەرییەی كە پێویستی بە خەرجكردنی كاتێكی زۆر و سۆزێكی زۆرە بۆ پاراستنی، ئەو خۆپارێزیەش لە پەیوەندییە كۆمەڵایەتیەكان دەبێتە تایبەتمەندییەكی دیكەی مرۆڤی مۆدێرن لە شار، كە بریتیە لە ئازادی تاكەكەسیی و ڕزگاربوون لەو سنور و كۆتوبەندانەی كە پەیوەندییەكانی ناو كۆمەڵگە نەریتیەكان بەسەریدا سەپاندوویانە.(سكوت،مارشال،2011: 402)

كەواتە بەڕای زمیل توڕەبوون بەهۆی گۆڕانی خێرای وروژێنەرە دەرەكییەكان، بایەخدان بە ڕەهەندی عەقڵانی و كات، بە كاڵابوونی مرۆڤ بەهۆی پارە و عەقڵانییەتی زاڵ بەسەر شاردا، داخرانی بازنەی پەیوەندییەكان و خۆ دوورخستنەوە لە خەڵك و هەستكردن بە تەنیایی و نامۆبوون كاریگەرییەكانی ژیانی ناو میترۆپۆلن.

## ڕوانگەی (گەری دبلیو ئیڤانس) لە چوارچێوەی دەروونناسی ژینگەیی:

یەكێك لەو بوارانەی كە پەیوەندی بە بابەتی ئەم توێژینەوەیە هەیە؛ دەروونناسی ژینگەییە كە بەدواداچوون بۆ پەیوەندی نێوان ژینگەكان و ڕەفتاری مرۆڤ دەكات، هەروەها تیشك دەخاتە سەر تێگەیشتن لەوەی كە ژینگەی فیزیكی چۆن كاریگەری لەسەر بیركردنەوە و هەست و ڕەفتاری تاكەكان هەیە و بە پێچەوانەشەوە تاكەكان چۆن هەست بە ژینگەكانیان دەكەن و كار دەكەن. گەری دبلیو ئیڤانس پرۆفیسۆر و توێژەر لە بواری ئیكۆلۆژیایی مرۆیی (١٩٤٨Gary W. Evans) مسایەتییەكی دیارە لە بواری دەروونناسی ژینگەیی، بە تایبەتی بە توێژینەوە بەرفراوانەكانی لەسەر كاریگەرییەكانی فشارە ژینگەییەكان لەسەر تەندروستی و خۆشگوزەرانی مرۆڤ ناسراوە. كارەكانی بە شێوەیەكی بەرچاو پەیوەستە بەوەی چۆن ژینگەی فیزیكی كاریگەری لەسەر دەرئەنجامە دەروونی و فیزیۆلۆژییەكان هەیە (Evans, 2024).

ئیڤانس لە میانی كاركردن و توێژینەوەكانی ئاماژە بە چەند چەمكی سەرەكی دەكات لەو بوارە یەكێك لەوانە (فشاری ژینگەیی یا ژاوەژاو). ئەو چەندین توێژینەوەی ئەنجامداوە لەسەر كاریگەری بەركەوتنی ژاوەژاو لەسەر تەندروستی، بەتایبەتی لە منداڵاندا. توێژینەوەكانی دەریدەخەن كە بەركەوتنی درێژخایەنی ژاوەژاو دەبێتە هۆی زیادبوونی ئاستی فشار و كەمیی مەعریفی و تێكچوونی توانای خوێندنەوە لە منداڵاندا. هەروەها باس لە قەرابالْغی دەكات و ئاماژە بەوە دەكات كە چۆن ژیان لە بارودۆخی قەرەباڵغدا

کاریگەری لەسەر تەندروستی دەروونی دەبێت، ئەمەش دەریخستووە کە دۆخی ژیان لە باڵەخانە بەرزەکان دەتوانێت ببێتە هۆی زیادبوونی فشار و کشانەوە کۆمەڵایەتی و کەمبوونەوەی هەستکردن بە کۆنترۆڵکردن و تایبەتمەندی (Evans,2003: 536).

یەکێکی دیکە لەو بابەتانەی ئیڤانس باسی لێوە دەکات کوالیتی خانووبەرە و تەندروستی دەروونییە. ئیڤانس ئاماژە بەوە دەکات کە خراپی کوالیتی خانووبەرە- کە بە هۆکارەکانی وەک گەرمکەرەوەی ناتەواو، کەمی شوێن و بارودۆخی بیناسازی ناستاندارد دەناسرێتەوە- دەتوانێت کاریگەری زیانبەخشی لەسەر تەندروستی دەروونی هەبێت(Evans,2003: 545). ئەو دەریخستووە کە ئەو منداڵانەی لە خانووبەرەی کوالیتی خراپدا دەژین زیاتر تووشی نارەحەتی دەروونی و دواکەوتنی گەشەکردن دەبن.

کەواتە دەتوانین بڵێین کارەکانی ئیڤانس بەشێکی دانەبڕاوە لە دەروونناسی ژینگەیی چونکە بەڵگەی ئەزموونی دەخاتە ڕوو کە هۆکارە ژینگەییەکان بە دەرئەنجامە دەروونی و فیزیۆلۆژییەکانەوە دەبەستێتەوە. توێژینەوەکانی پشتگیری لە چەمکە سەرەکییەکانی دەروونناسی ژینگەیی دەکەن، وەک:فشاری ژینگەیی کە چۆن فشارە ژینگەییەکان دەتوانن کاریگەری نەرێنی لەسەر تەندروستی دەروونی و جەستەیی هەبێت. ئەنجامی توێژینەوەکانی جەخت لەسەر گرنگی دروستکردنی ژینگەیەک دەکەنەوە کە فشاری دەروونی کەم بکاتەوە و خۆشگوزەرانی بەرەوپێش ببات. هەروەها گونجانی کەس و ژینگە بە پشکنینی ئەوەی کە چۆن بارودۆخی ژینگەیی جیاواز کاریگەری لەسەر دانیشتوانی جیاواز هەیە، لێکۆڵینەوەکانی ئیڤانس گرنگی گونجانی کەس و ژینگە دەردەخەن. دڵنیابوون لەوەی کە ژینگەکانی تاکەکان پێداویستی و ئارەزووەکانیان دابین دەکەن، زۆر گرنگە بۆ بەرزکردنەوەی خۆشگوزەرانی و کەمکردنەوەی فشار، هەروەها چۆن بارودۆخی ژینگەیی نەرێنی دەتوانێت ببێتە هۆی نارەحەتی و ناڕازیبوون لە ژینگەی ژیانی مرۆڤ.

### 4-2 پەرەسەندنی مێژووییانەی نیشتەجێبوونی ستونی لە شاری هەولێر

پاش ئەو فراوانبوونەی کە بەم دواییە شاری هەولێری پێدا تێپەڕبووە و بەتایبەت پاش ساڵی (1991) و لێدانی ڕێگەی تازە و دابەشبوونی زەوی بەسەر سەرجەم توێژەکانی کۆمەڵگە و فراوانبوونی زیاتری گەڕەکەکان و بازاڕەکان و فرۆشگاکانی شار، کە بەم دواییە شاری هەولێریان لە شارێکی بچوکەوە گۆڕی بۆ سەنتەری کارکردن لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان، سەرەڕای ئەوەش فراوانبوونی بەکارهێنانی نیشتەجێبون  فراوانبوونی سنوری شار، بووە هۆی سەرهەڵدانی مۆدێلی تازەی یەکەی نیشتەجێبوون بە هەردوو شێوە ئاسۆیی و ستونییەکەشی.

**یەکەکانی نیشتەجێبوونی ستونی لە کەرتی گشتیی  پێش ساڵی (1990) بریتی بوون**

لەو جۆرە یەکانەی  کە لە دوو نهۆم زیاتر پێکهاتبوون، واتە شێوەی باڵەخانەی نیشتەجێبوون کە کۆمەڵێك یەکەی نیشتەجێبوونی لەخۆگرتبوو لەسەر زەوییەکی سنوردار بونیادنرابوو بە مەبەستی سنوردارکردنی فراوانبوونی ئاسۆیی، ئا زۆرینەی پرۆژەکانی نیشتەجێبوونیش لە عیراق لە شاری بەغدا چڕبووەوە، بۆیە پشکی شاری هەولێر لە خانوی حکومیی زۆر کەم بووە بەتایبەت یەکەی نیشتەجێبوونی ستونی، بەراورد بەو یەکە نیشتەجێبووانەی کە بە شێوەیەکی گشتیی لە عیراق دروستکرابوون (الحديدي،1983 :77)، حکومەت لە ناوەڕاستی ساڵی حەفتاکان هەڵسا بە دروستکردنی چەند کۆمەڵگایەکی نیشتەجێبوون بە شێوازی ستوونی لە شاری هەولێر کە(986) یەکەی نیشتەجێبون بووە یەکەمجار هەردوو کۆمەڵگای ( ئیسکان و زانیاری ) بوون ، کە لە ( 550 ) یەکەی نیشەجێبوون پێکهاتوون ، ئەم یەکانە بچووك بوون و نەیاندەتوانی پێداویستی تەواوی خێزانەکان دابین بکەن ، بە تایبەت خێزانی گەورە ، لە سەرەتای هەشتاکانیش ( کۆمەڵگای رووناکی ) دروستکرا  کە ئەوکات بە پرۆژەیەکی باشی نیشتەجێبوون دادەنرا لە رووی ئەندازیاری و کوالیتی ،کە زۆربەی خزمەتگوزارییەکانی بۆ دابینکرابوو ، کە ( 108 ) یەکەی ستوونی بوو لە ( 12 ) باڵەخانەدا کە لە یەکەی گەورە و بچووك پێکهاتبوون ،  زۆرینەشیان بەسەر فەرمانبەرانی حکومیی شارەکەدا دابەشکرابوون، وێڕای (420) یەکە بۆ بەڕێوەبەرایەتیە ناوخۆییەکان، (184) یەکە بۆ سەرۆکایەتی زانکۆی سەلاحەدین لەناو کۆلێژی ئەندازیاری، (40) یەکە بۆ وەزارەتی ئەوقاف وەك لە خشتەی ژمارە (1) دەردەکەوێ، ژمارەی یەکەکانی نیشتەجێبوون لەو یەکانەی لەلایەن کەرتی گشتیی (حکومی)یەوە لە شاری هەولێر دروستکراون، بەسەر کەرتە گشتییەکانی شاردا دابەشکراون.(صالح،2001 :101)

خشتەی (1) ژمارەی یەکەکانی نیشتەجێبوون کە تا ساڵی (1990) لە هەولێر دروستکراون

| ز | کەرت | ژمارەی یەکەکانی نیشتەجێبوون | ژمارەی شوقە | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|
| 1 | کەرتی پیشەسازی | 914 | نییە | 914 یەکەی نیشتەجێبوون |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 2 | کەرتی کشتوکاڵی | 239 | 60 شوقە | 299 یەکەی نیشتەجێبوون |
| 3 | کەرتی دارایی | 469 | 264 شوقە | 733 یەکەی نیشتەجێبوون |
| 4 | کەرتی تەندروستی | 19 | نیە | 19 یەکەی نیشتەجێبوون |
| 5 | کەرتی پەروەردە | 89 | نیە | 89 یەکەی نیشتەجێبوون |
| 6 | کەرتی ناوخۆیی | 629 | 420 شوقە | 1049 یەکەی نیشتەجێبوون |
| 7 | وەزارەتی ئەوقاف | 24 | 40 شوقە | 64 یەکەی نیشتەجێبوون |
| 8 | کەرتی خوێندنی باڵا | 132 | 184 شوقە | 316 یەکەی نیشتەجێبوون |
| کۆ | 8 | 2515 یەکەی نیشتەجێبوون | 968 شوقەی نیشتەجێبوون | 3483 یەکەی نیشتەجێبوون |

بە درێژایی ئەم ماوەیە، لە ڕووی چۆنیەتی و چەندیەتی هیچ پێشکەوتنێکی وا سەری هەڵنەداوە، بەتایبەت شوققەی نیشتەجێبوون بە لەبەرچاوگرتنی ئەو دۆخە ئابووری و سیاسییەی کە عیراق بە شێوەیەکی گشتیی و شاری هەولێر بەتایبەت پێیدا تێپەڕیوە، سەرەڕای ئەوەی ژمارەی دانیشتوان و ژمارەی خێزانەکان زیادی کردووە و پێویستیش بۆ یەکەی نیشتەجێبوون زیاتر بووە، تا هەزارەی دووەم، ئینجا ڕەوتی گۆڕانکاری دەست پێدەکات و کۆمەڵێك پرۆژەی نیشتەجێبوون لە هەولێر دروست دەبن، ئەوە لەگەڵ دامەزراندنی دەستەیەك بە ناوی (دەستەی وەبەرهێنانی هەرێمی کوردستان) کە پرۆژەکانی نیشتەجێبوونی جێبەجێ دەکرد لە هەردوو جۆری (نیشتەجێبونی ستونی و نیشتەجێبونی ئاسۆیی)، بە دیاریکراوی پاش ساڵی (2005)، واتە بەر لە دروستکردنی دەستەی وەبەرهێنان لە ساڵی (2006)، لە خشتەی ژمارە (2) دەردەکەوێ لە نێوان ساڵانی (2005- 2010) پێشکەوتنێکی بەرچاو لە ژمارەی باڵەخانەکان و یەکەکانی نیشتەجێبووندا ڕوویداوە، لە ساڵی (2005) کۆمەڵگەی نیشتەجێبونی هانا ستی دامەزراوە و (83) باڵەخانەی نیشتەجێبوونی سێ نهۆمی دروستکراوە، کۆی یەکەکانی نیشتەجێبوون بە ڕووبەری (125م) گەیشتووەتە (996) یەکەی نیشتەجێبوون، زۆرینەی پرۆژەکانی نیشتەجێبوونە ئاسۆیی و ستونییەکان لەلایەن کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەتەوە دروستکراون، جا ئەو کۆمپانیایانە (ناوخۆیی بووبن یا بیانیی)، لە ڕووی پێگەی جوگرافیشەوە، پشکی شێری ئەو پرۆژانە کەوتوەتە سەر ڕێگەی کەسنەزان یا ڕێگەی هەولێر- کۆیە (سعید،2019: 1981). بە لەبەرچاوگرتنی فراوانبوونی ئەو زەویانەی کە بەکارهێنراون بۆ پرۆژەی نیشتەجێبوون، هەروەها لەبەر ئەوەی پرۆژەکانی نیشتەجێبوونی ستونی تاڕادەیەك ئەزموونێکی تازە بووە و وەبەرهێنەرەکانیش زیاتر ڕوویان کردە هەرێم بەتایبەتیش شاری هەولێر، هەروەها سەرەڕای بوونی کەموکوڕی لە جێبەجێکردنی هەندێ پرۆژەی نیشتەجێبوون، بەڵام ئەو ماوەیە سەرەتای هەڵسانەوەی کەرتی نیشتەجێبوون بوو بە شێوەیەکی گشیی و نیشتەجێبوونی ستونیش بەتایبەت.

لە ساڵانی (2011- 2015) قەبارەی پرۆژەی نیشتەجێبوون و بەتایبەتی نیشتەجێبوونی ستونیی زیاتر بووە، ئەوەش بە ڕوونی لە خشتەی ژمارە (3) دەردەکەوێ، ئاراستەکە لەو ماوەیە بەرەو ڕێگەی (هەولێر- پیرمام) بووە، هەروەها ناوچەکانی ناوەوەی شار، وێڕای ڕێگەی (هەولێر- کۆیە). بەراورد بە ماوەی پێشوو، دەبینین کۆی گشتی یەکەی نیشتەجێبوون (6648) یەکە بووە، بەڵام دەبینین یەکەکانی نیشتەجێبوون زیادیکردووە و گەیشتووەتە (10545) یەکەی نیشتەجیبون.(هەمان سەرچاوە،2019 : 1982)

خشتەی (2) ئەو یەکە نیشتەجێبوونانەی کە لە ساڵانی (2005-2010) لە شاری هەولێر مۆڵەتی دروستکردنیان پێ دراوە*

| ز | ناوی پرۆژە | پێگەی جوگرافی | ڕووبەر بە دۆنم | ژمارەی باڵەخانەکان | ژمارەی نهۆمەکان | ژمارەی شوقەکان |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | شایانی ستی | ڕێگەی کەسنەزان | 64،80 | 20 | 3-5 | 626 |
| 2 | Empire world | شەقامی 100 | 301 | 30 | 9-29 | 3500 |
| 3 | کۆمەڵگەی هەرشەم | ڕێگەی کۆنی بەحرکە | 88،97 | 4 | 8-9 | 160 |
| 4 | دەشتی بەهەشت | کەسنەزان نزیك پیرەش | 150 | 27 | 6 | تەواونەکراو |
| 5 | گوندی بانك | ڕێگەی کۆنی بەحرکە | 66 | 5 | 6-7 | 240 |
| 6 | شاری کامەرانی | شەقامی (120) | 44 | 7 | 9-10 | 201 |
| 7 | ئالان ستی | شەقامی (120) تورەق | 29،426 | 9 | 8 | 288 |
| 8 | ژیان ستی | ماجدی لاند | 145،62 | 14 | 8 | تەواونەکراو |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 9 | نەورۆز ستی | شەقامی (100م) | 21،50 | 13 | 2-4 | 100 |
| 10 | کوردستان ستی | شەقامی (150) | 84،48 | 13 | 6-7 | 312 |
| 11 | هاناستی | ڕێگەی کەسنەزان | 205،36 | 83 | 3 | 996 |
| 12 | نازستی | شەقامی (40م) | 26،558 | 14 | 11-14 | 700 |
| 13 | گوندی ئینگلیزی | تەنیشت ئیمپایەر وۆرلد | 160،4 | 3 | 10 | 120 |

*هەرێمی کوردستانی عیراق، دەستەی وەبەرهێنان، بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەبەرهێنان- هەولێر، بەڕێوەبەرایەتی توێژینەوە و زانیاری، لیستی پرۆژەی ڕێپێدراو لە پارێزگای هەولێر بە گوێرەی یاسای ژمارە (4) 2006، لە ڕێکەوتی (2006/8/1 تا 2014/5/7).

خشتەی ژمارە (3) ئەو یەکانەی نیشتەجێبوون کە لە ساڵی (2011-2017) مۆڵەتی بونیادنانی لە شاری هەولێر پێدراوە**

| ز | ناوی پرۆژە | پێگەی جوگرافی | ڕووبەر بە دۆنم | ژمارەی باڵەخانە | ژمارەی نهۆم | ژمارەی شوقەی نیشتەجێبوون |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | MRF roya tower | شەقامی (100) | 12،405 | 3 | 32 | 1131 |
| 2 | Future city | ڕێگەی شەقڵاوە | 268 | 8 | 13 | 416 |
| 3 | لاني ستي | نزیکی دەشتی بەهەشت | 100 | 5 | 10 | 200 |
| 4 | گوندی لوبنانی | ڕێگەی نوێی بەحرکە 150 | 96 | 32 | 11 | 3300 |
| 5 | جیهان ستی | ڕێگەی کەرکوک | 37،32 | 8 | 19 | 702 |
| 6 | 4 towers | ڕێگەی (40) ڕۆیال | 3 | 4 | 20 | 320 |
| 7 | MRF 5 tower | شەقامی (100) بەرامبەر (32) | 532 | 5 | 20 | 200 |
| 8 | شاری مامۆستایان | شەقامی (150) | 210 | 10 | 8 | 480 |
| 9 | ئەتلانتیك ستی | ڕێگەی کەسنەزان نزیك لانە ستی | 123،595 | 12 | 8 | 400 |
| 10 | Parkview | (40)م نزیك دریم ستی | 20 | 12 | 20 | 960 |
| 11 | Quattro | (40م) نزیك باڵوێزخانەی تورکیا | 6،293 | 4 | 13 | 572 |
| 12 | Pluse life | کەسنەزان بەرامبەر ئاشتی ستی | 181 | 8 | 13 | 504 |
| 13 | بەفرین ستی | ڕێگەی شەقڵاوە ویستگەی شێر | 214 | 5 | 12 | 240 |
| 14 | Roze tower | کەسنەزان بەرامبەر ئاشتی ستی | 10 | 2 | 14 | 280 |
| 15 | Zaniary tower | شەقامی (60م) بەرامبەر یاریگا | 1534 | 3 | 24 | 240 |
| 16 | مەم و زین | ڕێگەی موسڵ (32) پارك | 24،445 | 8 | 20 | 600 |
| | کۆی گشتی | | | 129 | | 10545 |

**هەرێمی کوردستانی عیراق، دەستەی وەبەرهێنان، بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەبەرهێنان- هەولێر، بەڕێوەبەرایەتی توێژینەوە و زانیاری، لیستی پرۆژەی ڕێپێدراو لە پارێزگای هەولێر، لە ڕێکەوتی 2006/8/1 تا 2020/4/17.

## 3. چوارچێوەی میتۆدی توێژینەوەکە:

### 3-1. میتۆدی توێژینەوەکە:

میتۆدی بەکارهاتوو لەم توێژینەوەیە، بریتییە لە میتۆدی وەسفی بە ڕێگەی ڕووپێوی کۆمەڵایەتی بەنموونە، کە تێیدا ئامار و داتاکان لە کۆمەڵگەی توێژینەوەکە کۆ دەکرێتەوە و بە شێوەی خشتە و وێنە دەخرێتەڕوو. بەئامانجی ئەوەی سروشتی پەیوەندی و جیاوازی نێوان گۆڕاوەکان و تاکەکانی توێژینەوەکە بخاتەڕوو .

**٣-٢. کۆمەڵگەی توێژینەوەکە:**

کۆمەڵگەی توێژینەوە لە هەموو ئەو خێزانانە پێکدێ کە دانیشتووی کۆمەڵگاکانی نیشتەجێبووی ستوونین، کە لە شاری هەولێردا دەژین، هەروەها لە چەند پرۆژەیەکی جیاواز لە ڕووی شوێنی جوگرافی و ئاستی کۆمەڵایەتی و ئابووری جیاواز دا دەژین، بەوەدا کۆمەڵگەی توێژینەوە لە ڕووی ڕەگەز، ئاستی خوێندەواری، ئاستی بژێو ، دۆخی کۆمەڵایەتیی نالێکچوو و جیاوازە، بۆیە دەکرێ کۆمەڵگەکە بە کۆمەڵگەیەکی نا لێکچوو دابنرێ.

**٣-٣. نموونەی توێژینەوەکە**

لەم توێژینەوەیەدا، پەنا براوەتە بەر نموونەی هەڕەمەکی چینایەتی و نموونەی توێژینەوەکە لە (٣٨٠) یەکە پێکهاتووە کە دانیشتووی یەکەکانی نیشتەجێبوونی ستوونین و بەگوێرەی شوێنی جوگرافی، هەشت پرۆژە دیاریکراون، دوو پرۆژە بۆ چینی دەوڵەمەند وەك پرۆژەکانی فیوچەر ستی و پارك ڤیو، سێ پرۆژە بۆ چینی مامناوەند کە بریتین لە پرۆژەکانی رینا تاوەر، زانیاری تاوەر، ئیسکانی نوێ .هەروەها سێ پرۆژەش لەو یەکانەی تاڕاددەیەك هەژارنشینن وەك پرۆژەکانی هانا ستی،شەهیدانی ڕێگای کەرکوك، سەری بڵند.

تایبەتمەندییەکانی نموونەی توێژینەوەکەش لەڕووی تەمەن و شوێنی نیشتەجێبوونەوە، کە لە خشتەی ژمارە (٤) پیشان دەدرێت بەم شێوەیە بوو:

١. تەمەن : نزمترین تەمەنی نموونەکە بریتییە لە (20) ساڵ و بەرزترین تەمەن بریتییە لە (66) ساڵ، هەروەها ناوەندی ژمێرەی تەمەنی نموونەکە بریتییە لە (42.84) بە لادانی پێوەری (10.739). هەروەها (10.3%)ی نموونەی توێژینەوەکە تەمەنیان لە نێوان (20 ـ 29) دایە، (28.7%) لە نێوان (30 ـ 39) ساڵ دایە، (32.4%) لەسەد لە نێوان (40 ـ 49)، ڕێژەی (19.7%) لە نێوان (50 ـ 59) و هەروەها (8.9%) لە نێوان (60 ـ 69) ساڵ دایە.

خشتەی (٤): تەمەنی نموونەکە نیشان دەدات

| تەمەن | ژمارە | ڕێژەی سەدی % |
|---|---|---|
| **20 ـ 29 ساڵ** | 39 | 10.3 |
| **30 ـ 39 ساڵ** | 109 | 28.7 |
| **40 ـ 49 ساڵ** | 123 | 32.4 |
| **50 ـ 59 ساڵ** | 75 | 19.7 |
| **60 ـ 69 ساڵ** | 34 | 8.9 |
| **کۆی گشتی** | 380 | 100.0 |

**٢.** ڕووبەری یەکەکان: کەمترین ڕووبەری یەکەکانی نیشتەجێبوون بریتیی بوو لە (٧٠) مەتر و گەورەترینی بریتی بوو لە (285) مەتر، ناوەندی ژمێرەییان (145.37) مەترە لە لادانی پێوەری (43.564). سەبارەت بە ژمارەی ژوورەکان، کەمترین ژوور (١) ژوور بووە، و زۆرترین ژمارەی ژوورەکان (4) ژوور بوە، هەروەها ناوەندی ژمێرەیی ژوورەکان (٣) ژوورە.

**٤.ئامرازە ئامارییە بەکارهاتووەکان:**

**٤-١. بونیادنانی پێوەرەکان**

بۆ پێوانەکردنی لێکەوتە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکان، توێژەر بە سوود وەرگرتن لە لایەنی تیۆری، توێژینەوەکانی پێشوو و ڕای شارەزایان، پێوەرێکی دارشت کە لە چوار ڕەهەندی سەرەکی پێکهاتووە کە ئەوانیش بریتین لە ڕەهەندەکانی؛ کۆمەڵایەتی، دەروونی، ئابووری و خزمەتگوزاری. بۆ دڵنیابوونەوە لەوەی کە برگەکان لەڕووی ئامارییەوە توانای پێوانەکردنی گۆڕاوە سەرەکییەکانی توێژینەوەکەی هەیە، هەروەها بە کارێکەری فاکتەرە کاتییەکان گۆڕانکارییان بەسەردا نایەت، توێژەر تایبەتمەندییە سایکۆمەترییەکانی لەسەر پێوەرەکە جێبەجێ کرد کە هەنگاوەکانی بەم شێوەیەی خوارەوە بوون:

**یەکەم: شیکردنەوەی فاکتەری پشتڕاستکراوە(conformity factor analysis – CFA)**

بۆ بونیادنانی پێوەرەکە لەڕووی ئامارییەوە شیکردنەوەی فاکتەری پشتڕاستکراوە (conformity factor analysis – CFA) بەکارهات. تاکو دڵنیابێتەوە کە هەر یەك لەو برگانەی کە دانراون لەڕووی ئامارییەوە دەتوانێت پێوانەی بەشێك لەو گۆڕاوە بکات کە بۆی دانراوە. بۆ ئەو مەبەستە برگەکانمان بە گوێرەی لایەنی تیۆری لە نێو پرۆگرامی ئامۆس (AMOS) لەسەر گۆڕاوەکان دانا و پێوەرەکانی "گونجاوبوونی فیت" (Goodness- of- Fit) لەسەر مۆدیلەکانیان جێبەجێکرا و لە هەر یەك لە پێوەرو ڕەهەندەکاندا ئەو

برگانەی کە بارییان کەمتر بوو لە (0.50) سڕانەوە کە بریتی بوون لەم برگانە. لە ڕەهەندی کۆمەڵایەتی برگەکانی (١، ٢، ٨، ٩، ١٣، ١٤، ١٥)، لە ڕەهەندی دەروونی برگەکانی (٣، ٤، ٦، ٧، ٨، ١٣)، لە ڕەهەندی خزمەتگوزاری برگەکانی (٥، ٦، ٩، ١٤، ١٥، ١٦)، هەروەها لە ڕەهەندی ئابووری برگەکانی (٣، ٤، ٧، ١١). دوای سڕینەوەی ئەم برگانەی کە لە سەرەوە ئاماژەی پێکرا، پێوەرەکەمان مەرجەکانی فیتبوونی (Goodness- of- Fit) بەدەستهێنا، ئەمەش بە لەبەرچاو گرتنی ئەوەی کە (CFI=0.906)، (RAMSEA= 0.075)، (IFI=0.906) وەکو لە خشتەی (٥) دەردەکەوێت.

خشتەی (٥): نیشاندەرەکانی گونجاوبوونی مۆدیلەکە نیشان دەدات

| نیشاندەر | بەهای داواکراو | بەهای مۆدیل | دۆخی مۆدیل |
|---|---|---|---|
| CMIN\DF | <5.0 | 3.160 | زۆرباش |
| GFI (goodness of fit index) | >0.90 | 0.780 | لاوازە |
| CFI (*Comparative Fit Index*) | >0.90 | 0.906 | زۆرباش |
| AGFI (Adjusted Goodness of Fit Index) | >0.80 | 0.749 | باشە |
| RMSEA (Root Mean Square Error of Approximation) | <0.08 | 0.075 | زۆرباش |
| NFI (Normed fit index) | >0.90 | 0.868 | باش |
| RFI (parsimony normed fit index) | >0.90 | 0.857 | گونجاوە |
| IFI (Incremental Fit Index) | >0.90 | 0.906 | زۆرباش |
| PNFI (parsimony normed fit index) | >0.5 | 0.803 | زۆرباش |
| PCFI (parsimony comparative fit index) | >0.5 | 0.838 | زۆرباش |

## دووەم: ڕاستیەتی و جێگیری پێوەرەکە

- ڕاستیەتی بونیادی

بە مەبەستی دڵنیابوون لە ڕاستیەتی پێوەرەکە لە ڕێگای هاوکۆلکەی پیرسۆن پەیوەستی هەر برگەیەکمان لەگەڵ کۆی تەوەرەکەی دیاری کرد کە وەکو لە خشتەی خوارەوە دەردەکەوێت، هەموو برگەکان لە هەر چوار ڕەهەندی کۆمەڵایەتی، دەروونی، ئابووری و خزمەتگوزاریدا پەیوەستێکی بەڵگەداری ئامارییان لەگەڵ کۆی تەوەرەکەیان هەیە، ئەمەش بە لەبەرچاو گرتنی ئەوەی کە (P-Value<0.01)، بۆیە هەموو ئەو برگانەی کە لە پاش شیکردنەوەی فاکتەری لە پێوەرەکە جێگیر بوون، وەکو خۆیان مانەوە ئەنجامەکان نیشان دەدەن کە پێوەری توێژینەوەکە خاوەنی ڕاستیەتی بونیادییە. لە خشتەی ژمارە (٦) خراوەتەڕوو.

خشتەی (٦): پەیوەستی برگەکانی پێوەرەکە بە تەوەرەکانیان نیشان دەدات

| تەوەر | برگە | پەیوەست | برگە | پەیوەست | برگە | پەیوەست | برگە | پەیوەست |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| کۆمەڵایەتی | 1 | 0.809** | 3 | 0.832** | 5 | 0.683** | 7 | 0.881** |
| | 2 | 0.813** | 4 | 0.830** | 6 | 0.857** | 8 | 0.783** |
| دەروونی | 1 | 0.720** | 3 | 0.809** | 5 | 0.768** | 7 | 0.876** |
| | 2 | 0.593** | 4 | 0.745** | 6 | 0.798** | 8 | 0.850** |
| ئابووری | 1 | 0.724** | 3 | 0.768** | 5 | 0.769** | 7 | 0.702** |
| | 2 | 0.804** | 4 | 0.818** | 6 | 0.630** | | |
| خزمەتگوزاری | 1 | 0.902** | 5 | 0.878** | 9 | 0.896** | 13 | 0.741** |
| | 2 | 0.777** | 6 | 0.711** | 10 | 0.879** | | |
| | 3 | 0.900** | 7 | 0.760** | 11 | 0.939** | | |
| | 4 | 0.885** | 8 | 0.821** | 12 | 0.840** | | |

** P-Value<0.01

### جێگیری پێوەرەکە

بە ئامانجی دەرهێنانی جێگیری پێوەری توێژینەوەکە سوودمان لە هاوکۆلکەی ئەلفای کرۆنباخ (Cronbach's Alpha) وەرگرت تاکو لەمر ڕێگایەوە چۆنیەکی نێوخۆیی برگەکان تاوتوێ بکەین. وەکو لە خشتەی خوارەوە دەبینرێت؛ بەهای ئەلفای کرۆنباخی ڕەهەندی کۆمەڵایەتی بریتییە لە (0.925)، ڕەهەندی دەروونی بریتیە لە (0.903) و ڕەهەندی خزمەتگوزاری بریتییە لە (0.968) کە بە ئاستێکی زۆر بەرزی جێگیری ئەژمار دەکرێن. هەروەها بەهای ئەڵفای کرۆنباخی ڕەهەندی ئابووری بریتییە لە (0.864)، کە بە ئاستێکی بەرزی جێگیری بە ڕێگا چۆنیەکی نێوخۆیی ئەژمار دەکرێن. بەمر شێوەیە دەتوانین بڵێین کە پێوەری توێژینەوەکەمان (ڕەنگدانەوە کۆمەڵایەتییەکانی نیشتەجێبوونی ستوونی) پێوەرێکی جێگیرە.

بە لەبەرچاو گرتنی ئەنجامەکانی سەرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە پێوەری توێژینەوەکەمان (لێکەوتەی دەروونی و کۆمەڵایەتی) پێوەرێکی ڕاست و جێگیرەو ئەتوانین پشت بە ئەنجامەکانی ببەستین.

### ٥. گەنگەشەکردنی ئەنجامەکان بە پێی ئامانجەکانی توێژینەوەکە:

### ئامانجی یەکەمر: پێوانەکردنی ئاستی ڕەهەندەکانی توێژینەوەکە

بە مەبەستی دەست نیشان کردنی ئاستی هەر یەك لە گۆڕاوە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە سوودمان لە ئاماری وەسفی وەرگرت کە وەکو لە خشتەی ژمارە (٧) دەردەکەوێت:

١. لێکەوتەی کۆمەڵایەتی: نزمترین ئاستی لێکەوتەی کۆمەڵایەتی بریتییە لە نمرەی (١) کە بریتیە لە بژاردەی (هەرگیز لەگەڵیدانیم) و بەرزترین نمرە (٥)ە کە بریتییە لە بژاردەی (زۆر لەگەڵیدام). ناوەندی ژمێرەیی بەشداراانی نموونەکە بریتییە لە (2.79) کە نزیك دەبێتەوە لە بژاردەی (هەندێکجار لەگەڵیدام)، بە لادانی پێوەری (1.076).

٢. لێکەوتەی دەروونی: نزمترین ئاستی لێکەوتەی دەروونی بریتییە لە نمرەی (١) کە بریتیە لە بژاردەی (هەرگیز لەگەڵیدانیم) و بەرزترین نمرە (٥)ە کە بریتییە لە بژاردەی (زۆر بەگەڵیدام). ناوەندی ژمێرەیی بەشداراانی نموونەکە بریتییە لە (2.54) کە دەکەوێتە نێوان بژاردەکانی (لەگەڵیدا نیم) و (هەندێکجار لەگەڵیدام)، بە لادانی پێوەری (0.985).

٣. لێکەوتەی ئابووری: نزمترین ئاستی لێکەوتەی ئابووی بریتییە لە نمرەی (1.29) کە نزیکە لە بژاردەی (هەرگیز لەگەڵیدانیم) و بەرزترین نمرە (٥)ە کە بریتییە لە بژاردەی (زۆر لەگەڵیدام). ناوەندی ژمێرەیی بەشداراانی نموونەکە بریتییە لە (3.54) کە دەکەوێتە نێوان بژاردەکانی (لەگەڵیدام) و (هەندێکجار لەگەڵیدام)، بە لادانی پێوەری (0.964).

٤. نزمترین ئاستی ڕەهەندی خزمەتگوزاری بریتییە لە نمرەی (١) کە بریتیە لە بژاردەی (هەرگیز لەگەڵیدانیم) و بەرزترین نمرە (٥)ە کە بریتییە لە بژاردەی (زۆر بەگەڵیدام). ناوەندی ژمێرەیی بەشداراانی نموونەکە بریتییە لە (2.82) کە نزیکە لە بژاردەی (هەندێکجار لەگەڵیدام)، بە لادانی پێوەری (1.283).

خشتەی (٧): داتای وەسفی گۆڕاوە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە نیشان دەدات

| گۆڕاوی توێژینەوەکە | نزمترین نمرە | بەرزترین نمرە | ناوەندی سەنگکراو | لادانی پێوەری |
|---|---|---|---|---|
| لێکەوتەی کۆمەڵایەتی | 1 | 5 | 2.79 | 1.076 |
| لێکەوتەی دەروونی | 1 | 5 | 2.54 | 0.985 |
| لێکەوتەی ئابووری | 1.29 | 5 | 3.54 | 0.964 |
| خزمەتگوزاری | 1 | 5 | 2.82 | 1.283 |

کەواتە بەودەرئەنجامە دەگەین کە ئەو کەسانەی کە لە یەکەکانی نیشتەجێبوونی ستوونی دەژین، بە هۆی ژیان کردن لەوێ بە گشتی لێکەوتەی دەروونی بەرچاوی نییە و نەبوێتە کێشە بۆ دانیشتوانی ئەو یەکانە، لێکەوتەی کۆمەڵایەتی بە بەراورد بە لێکەوتەی دەروونی کەمێک بەرزترە، بەڵام لێکەوتەی ئابووری بە بەراورد بە لێکەوتەی دەروونی و کۆمەڵایەتی بەرزترە. ئەمەش دەکرێت بە هۆی ئەوە بێت کە ئەو خێزانانەی لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە لە پەیوەندی دراوسێتی و کارلێک لە گەڵ دەوروبەر بە هۆی سروشتی خانووەکان لە یەکتر دوور کەوتوونەتەوە، هەروەها کۆمەڵگای کوردیش گرینگی بە هەندێک نۆرم و بەهای کۆمەڵایەتی دەدەن بەتایبەتی لە پەیوەندی لە گەڵ دراوسێ و دەورووبەرەکەیان. بە بەراورد بە لێکەوتەی ئابووریش کە ڕێژەکەی بەرزترە دەتوانین بۆ ئەوە بیگەڕێنینەوە کە ژیان کردن لەو شوێنانە بێگومان بارگرانی زیاترە لە ڕووی تێچووی دارایی ئەمەش وا دەکات کە ئەو کەسانە

ڕووبەڕووی هەندێک گرفت ببنەوە. بە هەمان شێوە لایەنی داراییش تا ڕاددەیەک پەیوەستە بە لایەنی خزمەتگوزاری و لە هەندێک لە یەکەکان ڕەنگە دانیشتوانەکەی کێشەیان لە گەڵ تێچووی خزمەتگوزارییەکان و جۆری خزمەتگوزارییەکان هەبێت.

**ئامانجی دووەم: دەستنیشان کردنی ڕۆڵی گۆڕاوە دیمۆگرافییەکان لەسەر ئاستی گۆڕاوە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە**

بۆ تێگەیشتنی زیاتر لە نموونەی توێژینەوەکە ڕۆڵی گۆڕاوە دیمۆگرافییەکانی (تەمەن، ڕەگەز، ئاستی خوێندەواری و جۆری موڵك) لەسەر ئاستی گۆڕاوەکان تاوتوێ کرا کە ئەنجامەکانی بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

**١. ڕەگەز:** بە مەبەستی دەرهێنانی کاریگەری گۆڕاوی دیمۆگرافی ڕەگەز (نێر و مێ) لەسەر ئاستی گۆڕاوە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە، تاقیکردنەوەی (t) بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ (Independent Samples t-test) بەکارهێنرا. کە وەکو لە خشتەی (٨) دەردەکەوێت؛لە هیچ یەك لە ڕەهەندەکاندا جیاوازییەکی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان ڕەگەزی نێر و مێدا نیە، ئەمەش بە لەبەرچاو گرتنی ئەوەی کە (P-Value>0.05). هەروەها بەهای (t) دەرهێنراو کە بچوکترە لە بەهای (t) خشتەیی (1.968).

خشتەی (٨): ڕۆڵی گۆڕاوی دێمۆگرافی ڕەگەز لەسەر ئەنجامەکان نیشان دەدات

| گۆڕاوی دیمۆگرافی | | ژمارەی نموونە | ناوەندی ژمێرەیی | جیاوازی ناوەندەکان | لادانی پێوەری | p- value | بەهای (ت) | | بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | | دەرهێنراو | خشتەیی | |
| کۆمەڵایەتی | نێر | 180 | 2.79 | 0.01 | 1.118 | 0.923 | 0.097 | 1.968 | بەڵگەدار نیە |
| | مێ | 200 | 2.80 | | 1.039 | | | | |
| دەروونی | نێر | 180 | 2.49 | 0.10 | 1.003 | 0.322 | 0.992 | 1.968 | بەڵگەدار نیە |
| | مێ | 200 | 2.59 | | 0.969 | | | | |
| ئابووری | نێر | 180 | 3.53 | 0.03 | 1.004 | 0.763 | 0.302 | 1.968 | بەڵگەدار نیە |
| | مێ | 200 | 3.56 | | 0.929 | | | | |
| خزمەتگوزاری | نێر | 180 | 2.79 | 0.06 | 1.303 | 0.669 | 0.428 | 1.968 | بەڵگەدار نیە |
| | مێ | 200 | 2.85 | | 1.267 | | | | |

Df= 378 N= 380

**2: تەمەن:**

بە مەبەستی دەرهێنانی ڕۆڵی گۆڕاوی دیمۆگرافی تەمەن لەسەر گۆڕاوەکانی توێژینەوەکە، تاقیکردنەوەی ئەنۆڤا ( One way ANOVA) بەکار هێنرا کەوەکو لە خشتەی ژمارە (٩) دەردەکەوێت، لە هەموو ڕەهەندەکاندا (کۆمەڵایەتی، دەروونی، ئابووری و خزمەتگوزاری) جیاوازییەی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان گرووپە تەمەنییەکاندا هەیە، ئەمەش بە سەرنجدان بەوەی کە (P-value=0.000<0.05).

خشتەی (٩): کاریگەری گۆڕاوی دیمۆگرافی تەمەن لەسەر گۆڕاوەکانی توێژینەوەکە نیشان دەدات

| گۆڕاو | سەرچاوەی جیاوازی | ژمارەی نموونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | بەها (ف) F-test | ئاستی بەڵگەداری 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|
| لێکەوتەی کۆمەڵایەتی | **20 ـ 29 ساڵ** | 39 | 2.72 | 0.907 | 7.201 | 0.000 |
| | **30 ـ 39 ساڵ** | 109 | 2.86 | 1.095 | | |
| | **40 ـ 49 ساڵ** | 123 | 3.10 | 1.077 | | |
| | **50 ـ 59 ساڵ** | 75 | 2.49 | 1.038 | | |
| | **60 ـ 69 ساڵ** | 34 | 2.21 | 0.872 | | |
| | کۆی گشتی | 380 | 2.79 | 1.076 | | |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| لێکەوتەی دەروونی | 20 ـ 29 ساڵ | 39 | 2.66 | 0.762 | 6.507 | 0.000 |
| | 30 ـ 39 ساڵ | 109 | 2.60 | 1.050 | | |
| | 40 ـ 49 ساڵ | 123 | 2.77 | 1.011 | | |
| | 50 ـ 59 ساڵ | 75 | 2.29 | 0.882 | | |
| | 60 ـ 69 ساڵ | 34 | 1.95 | 0.789 | | |
| | کۆی گشتی | 380 | 2.54 | 0.985 | | |
| لێکەوتەی ئابووری | 20 ـ 29 ساڵ | 39 | 3.68 | 0.727 | 5.392 | 0.000 |
| | 30 ـ 39 ساڵ | 109 | 3.55 | 0.927 | | |
| | 40 ـ 49 ساڵ | 123 | 3.78 | 1.013 | | |
| | 50 ـ 59 ساڵ | 75 | 3.26 | 1.020 | | |
| | 60 ـ 69 ساڵ | 34 | 3.14 | 0.735 | | |
| | کۆی گشتی | 380 | 3.54 | 0.964 | | |
| خزمەتگوزاری | 20 ـ 29 ساڵ | 39 | 2.98 | 1.230 | 7.321 | 0.000 |
| | 30 ـ 39 ساڵ | 109 | 2.86 | 1.307 | | |
| | 40 ـ 49 ساڵ | 123 | 2.40 | 1.214 | | |
| | 50 ـ 59 ساڵ | 75 | 3.06 | 1.247 | | |
| | 60 ـ 69 ساڵ | 34 | 3.54 | 1.121 | | |
| | کۆی گشتی | 380 | 2.82 | 1.283 | | |

وەکو لە خشتەی ژمارە (٩) دەرکەوت، لە هەموو ڕەهەندەکاندا جیاوازییەکی بەڵگەدار لە نێوان گرووپەکاندا هەیە. بە مەبەستی دەستنیشانکردنی ئەوەی کە ئەم جیاوازییە دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی نێوان کام یەك لە گرووپە تەمەنییە جیاوازەکان، توێژەر سوودی لە تاقیکردنەوەی (لانیکەمی جیاوازیی بەڵگەداری فیشەر Fisher least Significant Difference = Fisher LSD) وەرگرت. وەکو لە خشتەی (١٠) دەردەکەوێت:

١. لە ڕەهەندی لێکەوتەی کۆمەڵایەتیدا؛ گرووپە تەمەنییەکانی (20 ـ 29 ساڵ لەگەڵ 40 ـ 49 ساڵ)، (20 ـ 29 ساڵ لەگەڵ 60 ـ 69 ساڵ)، (30 ــ 39 ساڵ لەگەڵ 50 ـ 59 ساڵ)، (30 ــ 39 ساڵ لەگەڵ 60 ـ 69 ساڵ)، (40 ـ 49 ساڵ لەگەڵ 50 ـ 59 ساڵ)، (40 ـ 49 ساڵ لەگەڵ 60 ـ 69 ساڵ) جیاوازیی بەڵگەداری ئاماریان هەیە، ئەمەش بە سەرنجدان بەوەی کە (P-Value<0.05).

٢. لێکەوتەی دەروونی: (20 ـ 29 ساڵ لەگەڵ 50 ـ 59 ساڵ)، (20 ـ 29 ساڵ لەگەڵ 60 ـ 69 ساڵ) جیاوازیی بەڵگەداری ئاماریان هەیە، هەروەها گرووپی تەمەنی ( 30 ــ 39 ساڵ) لەگەڵ هەموو گرووپە تەمەنییەکانی دوای خۆیان جیاوازیی بەڵگەداری ئاماریان هەیە و (40 ـ 49 ساڵ)لەگەڵ (50 ـ 59 ساڵ) و (60 ـ 69 ساڵ) جیاوازیی بەڵگەداری ئاماریان هەیە. ئەمەش بە سەرنجدان بەوەی کە (P-Value<0.05).

٣. لێکەوتەی ئابووری: (20 ـ 29 ساڵ لەگەڵ 50 ـ 59 ساڵ)، (20 ـ 29 ساڵ لەگەڵ 60 ـ 69 ساڵ) جیاوازیی بەڵگەداری ئاماریان هەیە، هەروەها گرووپی تەمەنی ( 30 ــ 39 ساڵ) لەگەڵ هەموو گرووپە تەمەنییەکانی دوای خۆیان جیاوازیی بەڵگەداری ئاماریان هەیە و (40 ـ 49 ساڵ)لەگەڵ (50 ـ 59 ساڵ) و (60 ـ 69 ساڵ) جیاوازیی بەڵگەداری ئاماریان هەیە. ئەمەش بە سەرنجدان بەوەی کە (P-Value<0.05).

٤. خزمەتگوزاری: لەم ڕەهەندەدا لە نێوان (20 ـ 29 ساڵ لەگەڵ 40 ـ 49 ساڵ)، (30 ــ 39 ساڵ لەگەڵ 40 ـ 49 ساڵ)، (30 ــ 39 ساڵ لەگەڵ 60 ـ 69 ساڵ)، (40 ـ 49 ساڵ لەگەڵ 50 ـ 59 ساڵ) و (40 ـ 49 ساڵ لەگەڵ 60 ـ 69 ساڵ) جیاوازییەکی بەڵگەداری ئاماری هەیە، ئەمەش بە سەرنجدان بەوەی کە (P-Value<0.05).

خشتەی (١٠): تاقیکردنەوەی فیشەر بۆ گۆڕاوی دیموگرافی تەمەن نیشان دەدات

| ڕەهەند | گۆڕاوی دیموگرافی ئاستی خوێندەواری | جیـــــــاوازیی ناوەندەکان | P-Value | بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|
| لێکەوتەی کۆمەڵایەتی | 20 ـ 29 ساڵ لەگەڵ 30 ــ 39 ساڵ | 0.13 | 0.489 | بەڵگەدار نیە |
| | 20 ـ 29 ساڵ لەگەڵ 40 ـ 49 ساڵ | 0.38 | 0.048 | بەڵگەدارە |
| | 20 ـ 29 ساڵ لەگەڵ 50 ـ 59 ساڵ | 0.24 | 0.249 | بەڵگەدار نیە |
| | 20 ـ 29 ساڵ لەگەڵ 60 ـ 69 ساڵ | 0.52 | 0.035 | بەڵگەدارە |
| | 30 ــ 39 ساڵ لەگەڵ 40 ـ 49 ساڵ | 0.24 | 0.075 | بەڵگەدار نیە |
| | 30 ــ 39 ساڵ لەگەڵ 50 ـ 59 ساڵ | 0.37 | 0.018 | بەڵگەدارە |
| | 30 ــ 39 ساڵلەگەڵ 60 ـ 69 ساڵ | 0.65 | 0.002 | بەڵگەدارە |
| | 40 ـ 49 ساڵلەگەڵ 50 ـ 59 ساڵ | 0.617 | 0.000 | بەڵگەدارە |
| | 40 ـ 49 ساڵلەگەڵ 60 ـ 69 ساڵ | 0.898 | 0.000 | بەڵگەدارە |
| | 50 ـ 59 ساڵلەگەڵ 60 ـ 69 ساڵ | 0.281 | 0.193 | بەڵگەدار نیە |
| لێکەوتەی دەروونی | 20 ـ 29 ساڵ لەگەڵ 30 ــ 39 ساڵ | 0.06 | 0.731 | بەڵگەدار نیە |
| | 20 ـ 29 ساڵ لەگەڵ 40 ـ 49 ساڵ | 0.10 | 0.560 | بەڵگەدار نیە |
| | 20 ـ 29 ساڵ لەگەڵ 50 ـ 59 ساڵ | 0.38 | 0.047 | بەڵگەدارە |
| | 20 ـ 29 ساڵ لەگەڵ 60 ـ 69 ساڵ | 0.71 | 0.002 | بەڵگەدارە |
| | 30 ــ 39 ساڵ لەگەڵ 40 ـ 49 ساڵ | 0.164 | 0.193 | بەڵگەدار نیە |
| | 30 ــ 39 ساڵ لەگەڵ 50 ـ 59 ساڵ | 0.315 | 0.029 | بەڵگەدارە |
| | 30 ــ 39 ساڵ لەگەڵ 60 ـ 69 ساڵ | 0.65 | 0.001 | بەڵگەدارە |
| | 40 ـ 49 ساڵ لەگەڵ 50 ـ 59 ساڵ | 0.48 | 0.001 | بەڵگەدارە |
| | 40 ـ 49 ساڵ لەگەڵ 60 ـ 69 ساڵ | 0.81 | 0.000 | بەڵگەدارە |
| | 50 ـ 59 ساڵ لەگەڵ 60 ـ 69 ساڵ | 0.334 | 0.092 | بەڵگەدار نیە |
| لێکەوتەی ئابووری | 20 ـ 29 ساڵ لەگەڵ 30 ــ 39 ساڵ | 0.13 | 0.453 | بەڵگەدار نیە |
| | 20 ـ 29 ساڵ لەگەڵ 40 ـ 49 ساڵ | 0.10 | 0.572 | بەڵگەدار نیە |
| | 20 ـ 29 ساڵ لەگەڵ 50 ـ 59 ساڵ | 0.42 | 0.024 | بەڵگەدارە |
| | 20 ـ 29 ساڵ لەگەڵ 60 ـ 69 ساڵ | 0.54 | 0.015 | بەڵگەدارە |
| | 30 ــ 39 ساڵ لەگەڵ 40 ـ 49 ساڵ | 0.23 | 0.064 | بەڵگەدار نیە |
| | 30 ــ 39 ساڵ لەگەڵ 50 ـ 59 ساڵ | 0.29 | 0.042 | بەڵگەدارە |
| | 30 ــ 39 ساڵ لەگەڵ 60 ـ 69 ساڵ | 0.41 | 0.027 | بەڵگەدارە |
| | 40 ـ 49 ساڵ لەگەڵ 50 ـ 59 ساڵ | 0.52 | 0.000 | بەڵگەدارە |
| | 40 ـ 49 ساڵ لەگەڵ 60 ـ 69 ساڵ | 0.64 | 0.001 | بەڵگەدارە |
| | 50 ـ 59 ساڵ لەگەڵ 60 ـ 69 ساڵ | 0.12 | 0.531 | بەڵگەدار نیە |
| خزمەتگوزاری | 20 ـ 29 ساڵ لەگەڵ 30 ــ 39 ساڵ | 0.12 | 0.597 | بەڵگەدار نیە |
| | 20 ـ 29 ساڵ لەگەڵ 40 ـ 49 ساڵ | 0.59 | 0.010 | بەڵگەدارە |
| | 20 ـ 29 ساڵ لەگەڵ 50 ـ 59 ساڵ | 0.08 | 0.750 | بەڵگەدار نیە |
| | 20 ـ 29 ساڵ لەگەڵ 60 ـ 69 ساڵ | 0.55 | 0.058 | بەڵگەدار نیە |
| | 30 ــ 39 ساڵ لەگەڵ 40 ـ 49 ساڵ | 0.46 | 0.005 | بەڵگەدارە |
| | 30 ــ 39 ساڵ لەگەڵ 50 ـ 59 ساڵ | 0.20 | 0.282 | بەڵگەدار نیە |
| | 30 ــ 39 ساڵ لەگەڵ 60 ـ 69 ساڵ | 0.68 | 0.006 | بەڵگەدارە |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | 40 ـ 49 ساڵلەگەڵ 50 ـ 59 ساڵ | 0.67 | 0.000 | بەڵگەدارە |
| | 40 ـ 49 ساڵلەگەڵ 60 ـ 69 ساڵ | 1.14 | 0.000 | بەڵگەدارە |
| | 50 ـ 59 ساڵلەگەڵ 60 ـ 69 ساڵ | 0.48 | 0.065 | بەڵگەدار نیە |

لە میانی ئەوەی لە خشتەی ژمارە (١٠) خرایەڕوو بۆمان دەردەکەوێت کە هەرچەندە ناوەندی تەمەن کەمتر بێت ئەوا کاریگەری هەیە لە سەر لێکەوتەکانی (دەروونی، کۆمەڵایەتی و ئابووری) و هەرچەندە ناوەندی تەمەن زیاتر بچێتە سەر لێکەوتەکان زیاتر دەبن، ئەمەش دەتوانین بیگەڕێنینەوە بۆ ئەوەی کە گەنجان لە ئێستادا بە هۆی ژیانی مۆدێرنی ئەمڕۆیی زیاتر ئاسودە بن بە ژیان کردن لەو جۆرە یەکە نیشتەجێبوونانە، بەڵام بەتەمەنەکان بە هۆی ئەوەی کە زیاتر لە گەڵ ژیانی نەریتی و ژیان کردن لە خانووی نزم ڕاهاتوون، ئاسان نەبێت خۆیان بگونجێنن لە گەڵ ئەو جۆرە ژیانە و ئەو جۆرە شوێنانە، بەتایبەتی بەتەمەنەکان کە لە ئێستادا لە تەمەنی پشوودان دان، زیاتر پێویستیان بە کارلێک لە گەڵ خەڵک هەیە و ژیان کردن لەو شوێنانە تارادەیەک وا دەکات دابڕێن لە کارلێکی کۆمەڵایەتی.

### 3 ـ ئاستی خوێندەواری

بە مەبەستی دەرهێنانی ڕۆڵی گۆڕاوی دیمۆگرافی ئاستی خوێندەواری لەسەر گۆڕاوەکانی توێژینەوەکە، تاقیکردنەوەی ئەنۆڤا (One way ANOVA) بەکار هێنرا کەوەکو لە خشتەی خوارەوە دەردەکەوێت، لە هەموو ڕەهەندەکاندا (کۆمەڵایەتی، دەروونی، ئابووری و خزمەتگوزاری) جیاوازییەکە بەڵگەداری ئاماری لە نێوان گرووپە تەمەنییەکاندا هەیە، ئەمەش بە سەرنجدان بەوەی کە (P-value<0.05). لە خشتەی ژمارە (١١) دەخرێتەڕوو.

خشتەی (١١): کاریگەری گۆڕاوی دیمۆگرافی ئاستی خوێندەوار لەسەر گۆڕاوەکانی توێژینەوەکە نیشان دەدات

| گۆڕاو | سەرچاوەی جیاوازی | ژمارەی نموونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | بەها (ف) F-test | ئاستی بەڵگەداری 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|
| لێکەوتەی کۆمەڵایەتی | ئامادەیی و کەمتر | 133 | 3.20 | 1.013 | 23.062 | 0.000 بەڵگەدارە |
| | پەیمانگە و بەکالۆریۆس | 198 | 2.69 | 1.065 | | |
| | خوێندنی باڵا | 49 | 2.10 | 0.813 | | |
| | کۆی گشتی | 380 | 2.79 | 1.076 | | |
| لێکەوتەی دەروونی | ئامادەیی و کەمتر | 133 | 2.97 | 0.949 | 26.596 | 0.000 بەڵگەدارە |
| | پەیمانگە و بەکالۆریۆس | 198 | 2.39 | 0.957 | | |
| | خوێندنی باڵا | 49 | 1.96 | 0.696 | | |
| | کۆی گشتی | 380 | 2.54 | 0.985 | | |
| لێکەوتەی ئابووری | ئامادەیی و کەمتر | 133 | 3.95 | 0.927 | 28.833 | 0.000 بەڵگەدارە |
| | پەیمانگە و بەکالۆریۆس | 198 | 3.43 | 0.909 | | |
| | خوێندنی باڵا | 49 | 2.87 | 0.775 | | |
| | کۆی گشتی | 380 | 3.54 | 0.964 | | |
| خزمەتگوزاری | ئامادەیی و کەمتر | 133 | 2.21 | 1.199 | 32.384 | 0.000 بەڵگەدارە |
| | پەیمانگە و بەکالۆریۆس | 198 | 3.02 | 1.236 | | |
| | خوێندنی باڵا | 49 | 3.66 | 0.928 | | |
| | کۆی گشتی | 380 | 2.82 | 1.283 | | |

لە میانی ئەوەی خرایە ڕوو بەو دەرئەنجامە دەگەین کە، لە هەموو ڕەهەندەکاندا بە گوێرەی ئاستی خوێندەواری جیاوازییەکی بەڵگەدار لە نێوان گرووپەکاندا هەیە. بە مەبەستی دەستنیشانکردنی ئەوەی کە ئەم جیاوازییە دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی نێوان کام یەك لە گرووپەکان، توێژەر سوودی لە تاقیکردنەوەی (لانیکەمی جیاوازیی بەڵگەداری فیشەر Fisher least Significant Difference

Fisher LSD =) وەرگرت. وەکو لە خشتەی (١٢) دەردەکەوێت، لە هەر سێ ڕەهەندەکەدا لە نێوان هەر سێ ئاستە خوێندەوارییەکەدا جیاوازییەکی بەڵگەدار بوونی هەیە، واتە لە نێوان (ئامادەیی و کەمتر لەگەڵ پەیمانگەو زانکۆ)، (ئامادەیی و کەمتر لەگەڵ پەیمانگەو زانکۆ) و (پەیمانگەو زانکۆ لەگەڵ خوێندنی باڵا) جیاوازیی بەڵگەدار بوونی هەیە.

خشتەی (١٢): تاقیکردنەوەی فیشەر بۆ گۆڕاوی دیموگرافی ئاستی خوێندەواری نیشان دەدات

| ڕەهەند | گۆڕاوی دیموگرافی ئاستی خوێندەواری | جیاوازیی ناوەندەکان | P-Value | بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|
| لێکەوتەی کۆمەڵایەتی | ئامادەیی و کەمتر لەگەڵ پەیمانگەو زانکۆ | 0.52 | 0.000 | بەڵگەدارە |
| | ئامادەیی و کەمتر لەگەڵ پەیمانگەو زانکۆ | 1.10 | 0.000 | بەڵگەدارە |
| | پەیمانگەو زانکۆ لەگەڵ خوێندنی باڵا | 0.582 | 0.000 | بەڵگەدارە |
| لێکەوتەی دەروونی | ئامادەیی لەگەڵ پەیمانگەو زانکۆ | 0.58 | 0.000 | بەڵگەدارە |
| | ئامادەیی لەگەڵ خوێندنی باڵا | 1.01 | 0.000 | بەڵگەدارە |
| | پەیمانگەو زانکۆ لەگەڵ خوێندنی باڵا | 0.43 | 0.004 | بەڵگەدارە |
| لێکەوتەی ئابووری | ئامادەیی لەگەڵ پەیمانگەو زانکۆ | 0.52 | 0.000 | بەڵگەدارە |
| | ئامادەیی لەگەڵ خوێندنی باڵا | 1.08 | 0.000 | بەڵگەدارە |
| | پەیمانگەو زانکۆ لەگەڵ خوێندنی باڵا | 0.56 | 0.000 | بەڵگەدارە |
| خزمەتگوزاری | ئامادەیی لەگەڵ پەیمانگەو زانکۆ | 0.81 | 0.000 | بەڵگەدارە |
| | ئامادەیی لەگەڵ خوێندنی باڵا | 1.45 | 0.000 | بەڵگەدارە |
| | پەیمانگەو زانکۆ لەگەڵ خوێندنی باڵا | 0.64 | 0.001 | بەڵگەدارە |

### 4ـ جۆری خاوەنداریەتی:

بە مەبەستی دەرهێنانی جۆری خاوەنداریەتی (موڵك یان کرێ) لەسەر هەر یەك لە ڕەهەندەکانی توێژینەوەکە، تاقیکردنەوەی (t) بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ (Independent Samples t-test) بەکارهێنرا. کە وەکو لە خشتەی (١٣) دەردەکەوێت؛

١. لە سێ ڕەهەندی (لێکەوتەی کۆمەڵایەتی، لێکەوتەی دەروونی، لێکەوتەی ئابووری)دا جیاوازییەکی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان ئەوانەی کە خاوەن موڵکن لەگەڵ ئەوانەی کرێچین، ئەمەش بە لە بەرچاو گرتنی ئەوەی کە (P-value<0.05) هەروەها بەهای (t) دەرهێنراو گەورەترە لە بەهای (t) خشتەیی.

خشتەی (١٣): ڕۆڵی گۆڕاوی دێمۆگرافی جۆری خاوەنداریەتی (موڵك یان کرێ) لەسەر نیشان دەدات

| گۆڕاوی دیمۆگرافی | | ژمارەی نموونە | ناوەندی ژمێرەیی | جیاوازی ناوەندەکان | لادانی پێوەری | p-value | بەهای (ت) | | بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | | دەرهێنراو | خشتەیی | |
| کۆمەڵایەتی | موڵك | 252 | 2.66 | 0.40 | 1.068 | 0.000 | 3.526 | 1.960 | بەڵگەدارە |
| | کرێ | 128 | 3.06 | | 1.045 | | | | |
| دەروونی | موڵك | 252 | 2.40 | 0.41 | 0.971 | 0.000 | 3.882 | 1.960 | بەڵگەدارە |
| | کرێ | 128 | 2.81 | | 0.961 | | | | |
| ئابووری | موڵك | 252 | 3.34 | 0.61 | 0.989 | 0.000 | 6.076 | 1.960 | بەڵگەدارە |
| | کرێ | 128 | 3.95 | | 0.768 | | | | |
| خزمەتگوزاری | موڵك | 252 | 2.95 | 0.37 | 1.272 | 0.008 | 2.683 | 1.960 | بەڵگەدارە |
| | کرێ | 128 | 2.58 | | 1.273 | | | | |

n= 380 df= 388

بێگومان ئەگەر کەسێک مۆڵکی تایبەتی خۆی هەبێت کەمتر ڕووبەڕووی ئاستەنگ دەبێتەوە بەتایبەتی لە ڕووی ئابوورییەوە. هەر ئەمەش دەکرێت کاریگەری لە سەر لێکەوتەکانی دیکەی وەک دەروونی و کۆمەڵایەتی هەبێت. بە پێچەوانەوە ئەوانەی کە لە یەکەیەکی کرێ دەژین لە ڕووی ئابوورییەوە زیاتر بارگرانی هەیە بۆیان بەتایبەتی لە ئیستادا کە کرێی ئەو جۆرە یەکە نێشتەجێبووانە زۆرە و بە هۆی قەیرانی دارایی ئەمەش کاریگەری خراپی دەبێت لە سەر دانیشتوانی ئەم جۆرە یەکە نیشتەجێبووانە. کاتێک کەسێک لە ڕووی ئابورییەوە کێشەی هەبێت ئەوا کاریگەری لە سەر لایەنی دروونی دەبێت و بە هەمان شێوە لە ڕووی کۆمەڵایەتیش کاریگەری هەیە و وادەکات کەسەکە تووشی دابڕان و گۆشەگیری ببێت.

### ئامانجی سێیەم: دیاریکردنی ئاستی پەیوەستی نێوان لێکەوتە کۆمەڵایەتی، دەروونی و ئابوورییەکانی نیشتەجێبوونی ستوونی

بەمەبەستی دەرخستنی ئاستی پەیوەستی نێوان ڕەهەندەکانی لێکەوتە کۆمەڵایەتی و دەروونییەکانی نیشتەجێبوونی ستوونی، سوودمان لە پەیوەستی پیرسۆن (Pearson Correlation) وەرگرت. وەکو لە خشتەی (١٤) دەبینرێت؛ هەر سێ لێکەوتەی کۆمەڵایەتی، دەروونی و ئابووری پەیوەستێکی بەڵگەداری ئاماری بەهێزیان پێکەوە هەیە کە بەم شێوەیەی خوارەوە بووە:

١. لێکەوتەی دەروونی بڕی (0.834) پەیوەستی بەڵگەداری ئاماری لەگەڵ لێکەوتەی ئابووری هەیە. جۆری پەیوەستەکە ڕاستەوانەیە، واتە هەرچی یەکەم زیاد بکات، دووەمیش زیاد دەکات و پێچەوانەکەشی ڕاستە.

٢. لێکەوتەی کۆمەڵایەتی بڕی (0.828) لەگەڵ لێکەوتەی ئابووری و بڕی (0.882) لەگەڵ لێکەوتەی دەروونی پەیوەستی هەیە کە بە ئاستێکی بەرزی پەیوەست ئەژمار دەکرێت. جۆری پەیوەستەکە ڕاستەوانەیە، واتە هەرچی یەکەم زیاد بکات، دووەمیش زیاد دەکات و پێچەوانەکەشی ڕاستە.

خشتەی (١٤): ئاستی پەیوەستی نێوان لێکەوتەی کۆمەڵایەتی، دەروونی و ئابووری نیشان دەدات

| لێکەوتەکانی نیشتەجێبوونی ستوونی | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | لێکەوتەی ئابووری (٣) | لێکەوتەی دەروونی (٢) |
|---|---|---|---|---|
| **لێکەوتەی دەروونی (٢)** | 2.54 | 0.985 | **0.834****  | |
| **لێکەوتەی کۆمەڵایەتی (١)** | 2.79 | 1.076 | **0.828**** | **0.882**** |
| **لێکەوتەی ئابووری (٣)** | 3.54 | 0.964 | | |

کەواتە دەتوانین بڵێن هەرکام لەم لێکەوتانە کاریگەرییان لە سەر یەکتر هەیە، واتە ئەگەر لە ڕووی ئابوورییەوە بارگرانی هەبێت لە سەر ئەو دانیشتوانە، ئەوا بێگومان ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە کەسەکان لە ڕووی دەروونییەوە تووشی دڵەڕاکێ و سترێس و فشار ببنەوە. هەروەها لە ڕووی کۆمەڵایەتییشەوە تایبەتمەندی ئەم یەکە نیشتەجێبووانە ئەوەیە کە کارلێکیان لە گەڵ یەکتر کەمتر و جۆرێک لە ژیانی تاکایەتی و پەراوێزخرانی پێوە دیارە، ئەمەش لە ڕووی دەروونیەوە کاریگەری دەبێت و تووشی دابڕان و گۆشەگیریان دەکات.


### ئامانجی چوارەم: کاریگەری خزمەتگوزارییەکان لەسەر لێکەوتە کۆمەڵایەتی و دەروونی و ئابوورییەکان

بە ئامانجی دیاریکردنی کاریگەری ئاستی خزمەتگوزارییەکان لەسەر لێکەوتە کۆمەڵایەتی، دەروونی و ئابوورییەکان، سوودمان مۆدیلسازی هاوکێشەی بونیادی (Structural Equation Modeling –SEM) وەرگرت کە بە پرۆگرامی ( AMOS Structures Moment Analysis –) جێبەجێ کراوە. مۆدیلسازی هاوکێشەی بونیادی شێوازێکی شیکارکردنی چەند گۆڕاوی گشتگیرە لە ڕەچەڵەکی ڕگرسیۆنی چەند گۆڕاوی. بە دەربڕینێکی وردتر پەرەپێدراوی مۆدیلی هێڵیە (Liner) کە دەرفەتی ئەوە بۆ توێژەر دەڕەخسێنێ تاکو هاوکات کۆمەڵێ لە هاوکێشە ڕگرسیونییەکان جێبەجێ Ahmad and Saad, 260 :2024) بکات و کاریگەرییە ڕاستەوخۆ و ناڕاوستەوخۆکان دەست نیشان بکات (Saeed and et.al, 2023: 5)، بۆ ئەم مەبەستە دوو مۆدیلی تیۆریمان لە نێو پرۆگرامی ئامۆس دروستکردن (بڕوانە مۆدیلی ٢ و ٣)و داتاکانمان لەسەری بار (Load) کردو ئەنجامەکانی هەردوو مۆدیلەکەمان تاوتوێ کرد بەم شێوەیەی خوارەوە بوون:

#### یەکەم: کاریگەری خزمەتگوزاری لەسەر لێکەوتەکانی نیشتەجێبوونی ستوونی

لە مۆدیلی یەکەمدا کاریگەری خزمەتگوزاریمان لەسەر ڕەنگدانەوەی نیشتەجێبوونی ستوونی دەست نیشان کرد کە سێ ڕەهەندی کۆمەڵایەتی، دەروونی و ئابووری هەیە (بڕوانە مۆدیلی ١). وەکو لە خشتەی (١٥) دەردەکەوێت: خزمەتگوزاری بڕی (-0.975) لادانی پێوەری کاریگەری بەڵگەداری ئاماری لەسەر لێکەوتەکان (کۆمەڵایەتی، دەروونی و

ئـــابووری) هەیە، ئەم کـــاریگەرییەکش بەڵـــگەدارە بە لەبەرچـــاو گرتنـــی ئەوەی کە (P-Value=0.000<0.05). جـــۆری ئەم کـاریگەرییە پـێچەوانەیە، واتە هەرچـی خزمەتگوزارییەکـان زیـاد بکـات، لێکەوتەکـان کەم دەکـات، بە دەربـڕینێکی دیـکە، بە زیـادبوو هەر لادانـێکی پێـوەری لە ئاسـتی خزمەتگوزارییەکـان، بـڕی (0.975-) لادانی پێـوەری کەمبـوونەوە لە لێکەوتەکـانی دروست دەبێت.




مۆدیلی (١): کاریگەری خزمەتگوزاری لەسەر ڕەنگدانەوەکان نیشان دەدات

خشتەی (١٥): کاریگەری خزمەتگوزاری لەسەر ڕەنگدانەوەکانی نیشتەجێبوونی ستوونی نیشان دەدات

| گۆڕاوی سەربەخۆ | بڕی کاریگەری | P-Value |
|---|---|---|
| خزمەتگوزاری--->ڕەنگدانەوەکانی نیشتەجێبوونی ستوونی | -0.975 | 0.000 |

کەواتە بەوەدەرئەنجـــامە دەگەیـــن کە هەبـــوونی خزمەتگوزارییەکـــان لە یەکەکـــانی نیشـــتەجێبوونی ســـتوونی کـــاریگەری بەرچـاوی هەیە لە سـەر کەمکـردنەوەی ئەو لـێکەوتە دەروونـی، کـۆمەڵایەتی و ئابوورییـانەی کە لە میـانی ژیـان کـردن لەو شـوێنانە ڕووبەڕووی تاکەکـان دەبێـتەوە. ئەگەر ئەو یەکە نیشـتەجێبوونانە خزمەتگوزارییەکانیـان باشـتر و زۆرتـر بێـت ئەوا زیـاتر دەبێـتە هـۆی ئاسـوودەی دانیشـتوانەکە، بە پێچەوانەشـەوە ئەگەر خزمەتگوزارییەکـان بە پـێی پێویسـت نەبـن ئەوا زیـاتر تووشـی لـێکەوتەی کـۆمەڵایەتی و دەروونـی دەبـنەوە. ئەگەرچـی لە ڕووی ئـابوورییەوە ئەگەر خزمەتگوازییەکـان زیـاتر بێت ئەوا بارگرانی زیاتری دەبێت بۆیان بەڵام لە لایەکی دیکەوە دەبێتە هۆی ئاسودەیی و خۆشگوزەرانیان.

بە مەبەسـتی وردی زیـاتر لەسـەر ئەنجامەکـان، ڕۆڵـی گـۆڕاوی دیمـۆگرافی ڕەگەز (نێـر، مـێ) لەسـەر ئەنجامەکـان تـاوتوێکرا. بـۆ ئەم مەبەسـتە مۆدیلەکەمـان بەسـەر دوو گرووپـی نێـر و مێـدا دابەشـکردو داتاکانمـان لەسـەریان بـار کـرد و جـارێکی دیـکە ئەنجامەکانمــان تــاوتوێ کــرد. وەکــو لە خشــتەی (١٦) دەردەکەوێــت، جیــاوازییەکی بەڵــگەداری ئامــاری لە نێــوان ڕەگەزە جیاوازەکاندا نیە، ئەمەش بە سەرنجدان بەوەی کە (z-score=0.150) نەگەیشتوەتە ئاستی بەڵگەداری.

خشتەی (١٦): ڕۆڵی ڕەگەز لەسەر کاریگەری خزمەتگوزاری لەسەر ڕەنگدانەوەکانی نیشتەجێبوونی ستوونی نیشان دەدات


| گۆڕاوی سەربەخۆ | نێر | مێ | z-score |
|---|---|---|---|

| | بڕی کاریگەری | P-Value | بڕی کاریگەری | P-Value | |
|---|---|---|---|---|---|
| خزمەتگوزاری--->ڕەنگدانەوەکانی نیشتەجێبوونی ستوونی | -0.994 | 0.000 | -0.970 | 0.000 | 0.150 |

**دووەم: کاریگەری خزمەتگوزاری لەسەر ڕەهەندەکانی لێکەوتەکانی نیشتەجێبوونی ستوونی**

١. خزمەتگوزاری کاریگەرییەکی بەڵگەداری ئاماری بە بڕی (-0.996) لادانی پێوەری لەسەر لێکەوتە کۆمەڵایەتی هەیە، ئەمەش بە لەبەرچاو گرتنی ئەوەی کە (P-Value=0.000<0.05). جۆری ئەم کاریگەرییە پێچەوانەیە، واتە بە زیادبوونی هەر لادانێکی پێوەری لەئاستی خزمەتگوزاری بڕی (-0.996) لادانی پێوەری نزمبوونەوە لە ڕەنگدانەوەی کۆمەڵایەتی ڕوودەدات و بە پێچەوانەکەشی ڕاستە، واتە بە کەمبوونەوەی هەر لادانێکی پێوەری لە خزمتگوزارییەکان، بڕی (-0.996) لادانی پێوەری بەرزبوونەوە لە ڕەنگدانەوەی کۆمەڵایەتی ڕوودەدات.

٢. خزمەتگوزاری کاریگەرییەکی بەڵگەداری ئاماری بە بڕی (-0.459) لادانی پێوەری لەسەر ڕەنگدانەوەی دەروونی هەیە، جۆری ئەم کاریگەرییە پێچەوانەیە، واتە بە زیادبوونی هەر لادانێکی پێوەری لە خزمەتگوزاری بڕی (-0.459) لادانی پێوەری کەمبوونەوە لە ڕەنگدانەوەی دەروونی دروست دەبێت و بە پێچەوانەکەشی دروستە.




مۆدیلی (٢): کاریگەری خزمەتگوزاریی لەسەر لێکەوتەکانی نیشتەجێبوونی ستوونی نیشان دەدات

خشتەی (١٧): کاریگەری خزمەتگوزاری لەسەر ڕەهەندەکانی ڕەنگدانەوەکان نیشان دەدات

| گۆڕاوی سەربەخۆ | بڕی کاریگەری | P-Value |
|---|---|---|

| | | |
|---|---|---|
| خزمەنگوزاری--->رەنگدانەوەنکۆمەڵایەتی | -0.996 | 0.000 |
| خزمەنگوزاری--->رەنگدانەوەی دەروونی | -0.459 | 0.000 |
| خزمەنگوزاری--->رەنگدانەوەی ئابووری | -0.604 | 0.000 |

به مەبەستی وردی زیاتر لەسەر ئەنجامەکان، رۆڵی گۆڕاوی دێمۆگرافی رەگەز (نێر، مێ) لەسەر ئەنجامەکان تاوتوێکرا. بۆ ئەم مەبەستە مۆدیلەکەمان بەسەر دوو گرووپی نێر و مێدا دابەشکردو داتاکانمان لەسەریان بار کرد و جارێکی دیکە ئەنجامەکانمان تاوتوێ کرد. وەکو لە خشتەی (١٨) دەردەکەوێت، لە هیچ یەك لە هێڵە رێگرسیۆنییەکان یان رەهەندەکاندا جیاوازییەکی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان رەگەزە جیاوازەکاندا نییە، ئەمەش بە سەرنجدان بەوەی کە (z-score) نەگەیشتوەتە ئاستی بەڵگەداری.

خشتەی (١٨): کاریگەری خزمەتگوزاری لەسەر رەنگدانەوەکانی نیشتەجێبوونی ستوونی نیشان دەدات

| گۆڕاوی سەربەخۆ | نێر | | مێ | | z-score |
|---|---|---|---|---|---|
| | بڕی کاریگەری | P-Value | بڕی کاریگەری | P-Value | |
| خزمەتگوزاری---> کۆمەڵایەتی | -1.018 | 0.000 | -0.982 | 0.000 | 0.215 |
| خزمەتگوزاری--->دەروونی | -0.504 | 0.000 | -0.388 | 0.000 | 1.154 |
| خزمەتگوزاری--->ئابووری | -0.568 | 0.000 | -0.662 | 0.000 | -0.705 |

**٦. دەرئەنجامەکان:**

_ لە سەر بنەمای ئەو ئەنجامانەی کە توێژینەوەکە پێی گەیشتووە، توێژەران بە کۆمەڵێک دەرئەنجام گەیشتوون کە بریتین لەوەی : لێکەوتەکانی ژیان کردن لەیەکەکانی نیشتەجێبوون ستونی (باڵەخانە بەرزەکان) لای بەشدارانی نمونەی توێژینەوەکە زۆر نیە و لە ئاستی مامناوەند دایە، واتە ژیان کردن لەو جۆرە شوێنانە کێشە و گرفتێکی ئەوتۆی دروست نەکردووە بۆ دانیشتوان کە بەتایبەتی کاریگەری هەبێت لە سەر لایەنی دەروونی و کۆمەڵایەتی.

_ ئەگەرچی ئاستی لێکەوتەکان بە گشتی نزمە بەڵام لێکەوتەی دەروونی لە لێکەوتەی کۆمەڵایەتی نزمتر ئەمەش دەتوانین بگەڕێنەوە بۆ تایبەتمەندی ژیانی تاکایەتی لە سەردەمی ئێستا کە تاکەکان ڕاهاتوون و زیاتر سەرقاڵی کار و ژیانی ڕۆژانەن و ژیان کردن لەو شوێنانە بۆیان ئاسودەترە. بەڵام لە رووی کۆمەڵایەتییەوە تاکەکان لە پەیوەندی دراوسێتی و کارلێک لە گەڵ دەورووبەر بە هۆی سروشتی خانوەکان لەیەکتر دوور کەوتوونەتەوە، هەروەها کۆمەڵگای کوردیش گرینگی بە هەندێک نۆرم و بەهای کۆمەڵایەتی دەدەن بەتایبەتی لە پەیوەندی لە گەڵ جیران و دەورووبەرەکەیان. بە بەراورد بە لێکەوتەی ئابووریش کەرێژەکەی بەرزترە دەتوانی بۆ ئەوە بیگەڕێنینەوە کە ژیان کردن لەو شوێنانە بێگومان بارگرانی زیاترە لەڕووی تێچووی دارایی ئەمەش وا دەکات کە ئەو کەسانە رووبەڕووی هەندێک گرفت ببنەوە. بە هەمان شێوە لایەنی داراییش تا رادەیەکە پەیوەستە بە لایەنی خزمەتگوزاری و لە هەندێک لەیەکەکانرەنگە دانیشتوانەکەی کێشەیان لە گەڵ تێچووی خزمەتگوزارییەکان و جۆری خزمەتگوزارییەکان بێت.

_ لە نێوان دانیشتوانی باڵەخانە بەرزەکان، لەڕوویرەگەز جیاوازیی بەلگەداری ئاماری بوونی نیە، واتە ئەو لێکەوتەی کە ئاستێکی مامناوەندی هەیە لای هەر دوو ڕەگەز وایە و هیچ جیاوازییەکی بەڵگەداری ئاماری بوونی نیە لە نێوانڕەگەزە جیاوازەکان. بەڵام لەڕووی گۆڕاوی تەمەن جیاوازی بەلگەداری ئاماری بوونی هەیە، ئەم جیاوازییەش دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی نێوان گروپی تەمەنی کەم (١٦-٢٥) لە گەڵ ئەو گرووانەیە کە تەمەنیان بەرزترە.

_ لە میانی ئەو ئەنجامانەی کە بەدەستهاتوون سەبارەت بە ناوەندی تەمەن و لێکەوتەکان دەتوانین بڵێین هەرچەندە ناوەندی تەمەن کەمتر بێت ئەوا کاریگەری هەیە لە سەر لێکەوتەکانی (دەروونی، کۆمەڵایەتی و ئابووری) و هەرچەندە ناوەندی تەمەن زیاتر بچێتە سەر لێکەوتەکان زیاتر دەبن، ئەمەش دەتوانین بگەڕێنینەوە بۆ ئەوەی کە گەنجان لە ئێستادا بە هۆی ژیانی مۆدێرنی ئەمڕۆیی زیاتر ئاسودە بن بە ژیان کردن لەو جۆرەیەکە نیشتەجێبوونانە، بەڵام بەتەمەنەکان بە هۆی ئەوەی کە زیاتر لە گەڵ ژیانی نەریتی و ژیان کردن لە خانووی نزم ڕاهاتوون، ئاسان نەبێت خۆیان بگونجێنن لە گەڵ ئەو جۆرە ژیانە و ئەو جۆرە شوێنانە، بەتایبەتی بەتەمەنەکان کە لە ئێستادا لە تەمەنی پشوودان دان، زیاتر پێویستیان بە کارلێک لە گەڵ خەڵک هەیە و ژیان کردن لەو شوێنانە تارادەیەک وا دەکات دابڕین لە کارلێکی کۆمەڵایەتی.

_ هەرکام لەم لێکەوتانە کاریگەرییان لە سەریەکتر هەیە، واتە ئەگەر لەڕووی ئابوورییەوە بارگرانی هەبێت لە سەر ئەو دانیشتوانە، ئەوا بێگومان ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە کەسەکان لەڕووی دەروونییەوە تووشی دڵەڕاکێ و سترس و فشار ببنەوە. هەروەها لەڕووی کۆمەڵایەتییشەوەکە تایبەتمەندی ئەمیەکە نیشتەجێبووانە ئەوەیە کە کارلێکیان لە گەڵیەکتر کەمتر و جۆرێک لە ژیانی تاکایەتی و پەراوێزخرانی پێوە دیارە، ئەمەش لەڕووی دەروونیەوە کاریگەری دەبێت و تووشی دابڕان و گۆشەگیریان دەکاتەوە.

_ لە میانی ئەنجامە بەدەستهاتووەکان دەتوانین بڵێن کە هەبوونی خزمەتگوزارییەکان لەیەکەکانی نیشتەجێبوونی ستوونی کاریگەری بەرچاوی هەیە لە سەر کەمکردنەوەی ئەو لێکەوتە دەروونی، کۆمەڵایەتی و ئابووریانەی کە لە میانی ژیان کردن لەو شوێنانەڕووبەڕووی تاکەکان دەبێتەوە. ئەگەر ئەویەکە نیشتەجێبوونانە خزمەتگوزارییەکانیان باشتر و زۆرتر بێت ئەوا زیاتر دەبێتە هۆی ئاسوودەی دانیشتوانەکە، بە پێچەوانەشەوە ئەگەر خزمەتگوزارییەکان بە پێ پێویست نەبن ئەوا زیاتر تووشی لێکەوتەی کۆمەڵایەتی و دەروونی دەبنەوە. ئەگەرچی لەڕووی ئابوورییەوە ئەگەر خزمەتگوازییەکان زیاتر بێت ئەوا بارگرانی زیاتری دەبێت بۆیان بەڵام لە لایەکی دیکەوە دەبێتە هۆی ئاسودەیی و خۆشگوزەرانیان.

## سەرچاوەکان:


- محمود , عبدالرزاق صالح (2012) واقع السكن العمودي في مدينة الموصل , مركز دراسات موصلية , عدد 38 , العراق
- سكوت جون & مارشال جوردون(2011)،موسوعة علم الاجتماع: المجلد الأول، تر. محمد الجوهري وآخرون، المركز
- القومي للترجمة، القاهرة .
- بريقل ،هاشمي(2014) التحضر والأسرة الجزائرية في: مجلة الخلدونية للعلوم الإنسانية والاجتماعية، العدد ،07 جامعة ابن خلدون ،تيارت .
- سيد، أحمد محمد غريب(2006)علم الاجتماع الحضري، دار المعرفة الجامعية، الاسكندرية، 2006.
- هەرێمی کوردستانی عیراق، دەستەی وەبەرهێنان، بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەبەرهێنان- هەولێر، بەڕێوەبەرایەتی توێژینەوە و زانیاری، لیستی پرۆژەی ڕێپێدراو لە پارێزگای هەولێر، لە ڕێکەوتی 2006/8/1 تا 2023/4/17.

- Simmel. G (1903) Chapter 4: The Metropolis and Mental Life.Macmillan publishing co. New York: free press.
- Ahmad, A. S. and Saadi, A. S. (2024) "Family Environment Related to Social Tolerance Among Students of Koya University", Koya University Journal of Humanities and Social Sciences, 6(2), pp. 252-264. https://orcid.org/0000-0003-2004-1873
- Baum, Andrew & Davis Glenn E. (1980). Reducing the stress of high-density living: An architectural intervention. Journal of Personality and Social Psychology, Vol.38, No.3, pp471-481. doi:10.1037/0022-3514.38.3.471
- Saeed, K.M., Ahmed, A.S., Rahman, Z.M. et al. How social support predicts academic achievement among secondary students with special needs: the mediating role of self-esteem. Middle East Curr Psychiatry 30, 46 (2023). https://doi.org/10.1186/s43045-023-00316-2
- Gifford, Robert (2011), The Consequences of Living in High-Rise Buildings, Architectural Science Review, Volume 50, No 1, pp 2-17, Available in this link Doi: 10.3763/asre.2007.5002.
- Evans, Gary W. (2003), The Built Environment and Mental Health, Journal of Urban Health: Bulletin of the New York Academy of Medicine, Vol. 80, No. 4, https://doi.org/10.1093/jurban/jtg063
- Evans, Gary. W., Wells, Nancy. M. & Moch, Annie (2003). Housing and mental health: A review of the evidence and a methodological and conceptual critique, Journal of Social Issues, Vol. 59, No. 3, pp 475-500. doi:10.1111/1540-4560.00074.
- Evans, Gary W., & Hygge, Staffan (2007). Noise and performance in children and adults. In Handbook of environmental psychology (pp. 549-569), Available in this link: https://www.researchgate.net/publication/292411669_Noise_and_performance_in_children_and_adults
- Evans, G. W., Wells, N. M., Chan, H.-Y. E., & Saltzman, H. (2000). Housing quality and mental health. *Journal of Consulting and Clinical Psychology, 68*(3), 526–530. https://doi.org/10.1037/0022-006X.68.3.526.

**تأثير الخدمات على تقليل تصادم النفسي والاجتماعيي والسكن العمودي؛ بحث ميداني في محافظه اربيل**

**مهتاب مصطفى عمر**
قسم الاجتماع، كلية الآداب، جامعة صلاح الدين – أربيل،أربيل،
اقليم كوردستان، العراق
mehtab.omer@su.edu.krd

**عبد المجيد غفور ابراهيم**
قسم الاجتماع، كلية الآداب، جامعة صلاح الدين –
أربيل،أربيل، اقليم كوردستان، العراق
abdulmajeedghafour@gmail.com

**الملخص**
تهدف هذه الدراسة إلى تحديد مستوى الأثار الأجتماعية والنفسية للعيش في المباني العموديةو تحديد مدى فعالية الخدمات في الحد من هذه الأثار النفسيةوالأجتماعية.وقد استخدم الباحثون أساليب المسح الأجتماعي وتوصيفه لتحليل الأهداف وقام الباحثون بإعداد استمارة الاستبيان تم تحديد أربعة أبعاد اجتماعية و نفسية اقتصادية للخدمات للتأكد من صحة الاعتقاد بتطبيق الخصائص السيكومتريةو تكونت عينة الدراسة من ٣٨٠حيا سكنيايقع في مركز مدينة أربيل العمود الخاص بالمشاركين عينة الدراسة هو المستوى المتوسط ودور المتغيرات الديموغرافية في عواقب التوطين هناك دلائل إحصائية على وجود فروق اجتماعية ونفسيةو اقتصادية و خدمية بين الفئاة العمرية بجميع أبعادها وكذلك تأثير الخدمات على النتائج أما الخدمات فلها تأثير عكسى، اي انه كلما زاد عدد الخدمات، قلت العواقب الأجتماعية و النفسية و الأقتصادية.

**الكلمات المفتاحية:** السكن العمودي، العواقب الاجتماعية، العواقب النفسية، الخدمات، العواقب الاقتصادية.

**The Impact of Services on Reducing the Social and Psychosocial Consequences of Columnar Housing (A Field Study in the City of Erbil)**

**Mehtab Mustafa Omar**
Department of Sociology, College of Arts, Salahaddin University-Erbil, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
mehtab.omer@su.edu.krd

**Abdulmajid Ghafoor Ibrahim**
Department of Sociology, College of Arts, Salahaddin University-Erbil, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
abdulmajeedghafour@gmail.com

**Abstract**
The objective of this study is to assess the social and psychological effects of living in high-rise buildings and determine the impact of services in mitigating these consequences. The study employed a quantitative approach, using a descriptive method through a social survey with sample examples for analysis. A survey form was developed by the researchers, comprising four dimensions: social, psychological, economic, and service. The scale's psychometric properties were evaluat **Mehtab Mustafa Omar**
ed to ensure validity and reliability. The study population consisted of families residing in high-rise residential communities in the center of Erbil. The sample included 380 residential units in high-rise buildings, selected using stratified sampling. The key findings of this study indicate that overall, the social, psychological, and economic consequences of high-rise housing among the study participants are moderate. Furthermore, while there is no statistically significant difference in consequences between males and females, there are significant variations across age groups in all dimensions (social, psychological, economic, and service). Regarding the impact of services on outcomes (social, psychological, economic), it was observed that services do have an effect, with an inverse relationship, meaning that higher availability of services corresponds to lower social, psychological, and economic consequences.

**Keywords:** Vertical Housing, Social Consequences, Psychological Consequences, Services, Economic Consequences.